# ناوەند و کەنار



ئازاد جندیانی

لە هەموو بوارەکانی ژیان و لە هەموو دنیاداو بە درێژایی مێژوو ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان ناوەند و کەنارەکاندا هەبووە و هەیە، خەڵکانی ناوچەو شارەکانی دەرەوەی ناوەند هەمیشە هەست بەوە ئەکەن کە شارە ناوەندیەکان گرنگی و ئامادەیی ئەوانیان لە بواری ئابوری و کلتوریەوە کاڵ کردۆتەوە ، ئەوان پێیان وایە شارە ناوەندییەکانن ئەوانیان خستۆتە پەراوێزەوە، لە بەرامبەردا خەڵکانی شارو شارۆچکەی کەنارەکان هەمیشە لە هەوڵدان تا ئامادەیی خۆیان بگەیەننە ئاستی شارە ناوەندییەکان، لە زۆر وڵاتانی دنیا بەپێی پلانی تایبەت زۆر لە شارە کەنارەکانیان لە ڕووی ئابوریەوە بە شاری پیشەسازی ئەگۆڕن، بەڵام دیسانەوە هەر ناتوانن هەموو شارەکانیان بکەنە ناوەند ، چونکە ئەو ناوەندانەش کە بەپێی پلانەکە سەر هەڵئەدەن بۆ ناوەندی لە خۆ باڵاتر، ئەبنەوە کەنارو وەك چۆن خۆشیان ئەبنە ناوەند بۆ شاروشارۆچکە کەناریەکانی تر .

لە ڕوانگەی ئەو ململانێیەداو لە بواری رۆژنامەگەریدا لە کوردستانی دوای راپەرین رۆژنامەوگۆڤارەکانی کەنار بونەتە دیاردەو ئێستا کەم شارو شارۆچکەی دەرەوەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك وکەرکوك هەیە کە گۆڤار یان رۆژنامەیەکی لێ دەرنەچێ کە ڕەنگە شارۆچکەکانی گەرمیان هەم لە بواری دەرچواندنی ئەو جۆرە ڕۆژنامە و گۆڤارانە و هەم لە چۆنایەتیشیاندا، بە بەروارد لەگەڵ شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان پلە یەك بێ ، مەبەستم نی یە لەم نوسینە کورتەمدا ئەو دیارەدەیە شەن وکەو بکەم بە قەدەر ئەوەی مەبەستمە لە یەکەمین بەشداریم لە گۆڤاری **کوێستان** سەرنجتان بۆ ئەو دیاردە ڕابکێشم تا کەسانی تر بیکەنە جێ باسێکی قوڵترو هەمە لایەنەترو پسپۆڕانەتر ، ئەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لە بواری ئابوریدا (سەمیرئەمین) خاوەنی تیۆری ناوەند و کەنارە کە هەر بابەتێك سەبارەت بە دیارەدەو ململانێی ناوەند و کەنار بنوسرێ، ناکرێ بەلای ئەو تیۆرییەدا نەڕوا .




# دووری هەزاران میل بۆ خۆشەویستی هەنگاوێکە

## لە دیدارێکی تایبەتی ئەو جووانەی سەردانی سۆرانیان کرد

لە هەر شوێنێك ژیان هەبێ، دابڕانی خۆشەویستانیش بونیان هەیە، لە کوردستانیشدا وەك هەموو شوینێك لە پاڵ هەبوونی خۆشیەکان زۆر جار بە هۆکاری ئایینی و سیاسی و ئابوری، دابڕانی کەس و کار مێژووێکی بەردەوامی پێ بەخشیوە .

لە ناوەراستی سەدەی ڕابردوودا، بەشێکی هەرە زۆری جوەکان لە هەموو شوێنێکی دونیادا گەرانەوە بۆ سەرزەمینی کێشە و ململانێ و ئەفسانەکان ( ئیسرائیل )، ئەمانە هەمووی وەك پەرچە کردارێك بەرامبەر بە سیاسەتی لە ناو بردنی جوەکان لە سەر زەوی و وەك ئینتمایەکیش بۆ دەولەتی نەتەوەییان، گەڕانەوەی جوەکان بۆ ئیسرائیل نمونەیەکی باشە بۆ وریا بونەوەی گەلانی تری دونیا و دروست بونی هەستی نەتەوایەتی لە نێوانیاندا، ئەوان لەو کاتەدا توانیان نەژادی خۆیان لە فەوتان و وونبونی یەکجارەکی رزگار بکەن، بێ ئەوەی گوێ بە سنوری دەولەتان وشوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان بدەن، گەرانەوە بۆ ئیسرائیل، کە ئێستا یەکێکە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، سەرەڕای بچوکی سنوری جوگرافیەکەی، گەڕانەوەی جوەکان لە مێژوودا زۆر بە ناوبانگە چەندین لێکۆلەری سیاسی و ئەنترۆپۆلۆژی لە سەری وەستاون و قسەیان لەسەری کردووە، جوەکانی کوردستانیش ئەو کات بەدەر نەبوون لەو کۆچە، دابڕانی کۆمەلێك لە جوەکانی کوردستان لە دوای ساڵی(١٩٤٨) و دروست بوونی قەوارەیەکی سیاسی ئایینی جولەکە، بەشێکی زۆری جوەکانی کوردستان بۆ ئیسرائیل کۆچیان کرد، ئەوەی کە پەیوندی بە دابڕانەوە هەبێت لە دەڤەری بالەکایەتی بە تایبەتی لە گوندی (رۆست و دەرگەڵە و گەڵاڵە) زۆر جار هاوڵاتیان چیرۆکی هەبوونی ئەو جووانەی کوردستان دەگێرنەوە، کە هاوشانی ئەوان ژیاون یان بەشێکیان دابڕاون، بەشێك لە راستی گێرانەوەی ئەو چیرۆکانە، گەرانەوەی سێ جوی کوردستانە بە ناوی (لێڤی مهۆ و خۆخ مهۆ)ی خوشك و برا و (سەمعا)ی خێزانی لێڤی مهۆ، کە لە ئیسرائیلەوە بۆ سەردانی خوشکیان (ئامینە) هاتونەتە سۆران و بەیەك شاد بوونەوە، ئینجا بەیەکەوە سەردانی زێدی باب و باپیرانیان لە گەڵاڵە کرد، شایانی باسە ئامینە دانیشتوی کۆمەڵگای گەڵاڵەی قەزای (سۆران)ە و خوشك و براکانیشی دانیشتوی شاری (کریاتشمۆنە)ی ئیسرائیلن، ئەم خوشك و برایە لە ساڵی (١٩٥١)ەوە لێك دابڕاون و دوای (٥٦) ساڵ دووری و

# هیچ پاڵنەرێکی سیاسی یا ئابوری ئێمەی نەهێناوەتەوە کوردستان چونکە لە ئیسرائیل هیچمان کەم نیە تەنها سەردانی خزمان و یادەوەریەکانمان لا مەبەستە..

دابڕان بە یەکتر شاد بوونەوە .

لە دیمانەیەکی کورتدا بۆ کوێستان هەر یەك لە لێڤی و خۆخ و ئامینە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی کە دوای ئەو ماوە زۆرەی لێك دابراون ئێستا لە زێدی باب و باپیرانیان لە ناحیەی گەلاڵەن و لە دیدەنی کوردستان و سروشتی جوانی دەڤەری باڵەکایەتین کە سەردەمێك لێی ژیاون و شوێنی یادگاری منالیانە .

لێڤی مۆ کە لە تەمەنی شەش سالیەوە گەلاڵەی جێ هێشتووە و چۆتە ئیسرائیل، ئێستا بۆ دیداری ئامینەی خوشکی و سەردانی گۆڕی ئازیزانیان گەڕاونەتەوە دەڤەری باڵەکایەتی .

خۆخ و ئامینەی خوشکیشی خۆشحال بون بەر لە مەرگ و دابرانێکی زۆر دوبارە یەکتریان بینیەوە .

ئامینەی تەمەن (٦٨) ساڵ کە دوای ئەو تەمەنە زۆرەی دابران، خوشك و براکانی بینیەوە ووتی : **من زۆر خۆشحاڵم بە دیدەنی خوشك و برام وە هیوادارم کە خوا هیدایەتیان بدات و ببنە موسڵمان .**

سەمعا کە خێزانی لێڤی یە ئەو لە پێناو دلخۆشی هاوسەرەکەی ئەو رێگا دوورەی بریوە بۆ دیداری خوشك و خوشکەزاکانی هاوسەری، سەمعا ووتی: باوکم و دایکم لە گوندی روست ژیاون، هەر لەو سەردانەمدا هاتوم شوێنەواری خانوی باوکم ببینم کە بۆ من یادگاری زۆری جێ هێشتووە و سەردەمی منالیم لەوێ بەسەر بردووە، ئەو سەردەمەی لەگەڵ منالانی گوند بە یەکەوە یاریمان دەکرد .

لێڤی و سەمعا کوردیان نەدەزانی و بە زمانی عەرەبی قسەیان دەکرد، بەڵام (خۆخ مۆ) بە شێوە زاری کرمانجی سەرو بۆمان دوا و ووتی: هیچ پاڵنەرێکی سیاسی یا ئابوری ئێمەی نەهێناوەتەوە کوردستان چونکە لە ئیسرائیل هیچمان کەم نیە تەنها سەردانی خزمان و یادەوەریەکانمان لا مەبەستە .

ئەگەرچی ژیان بە هەموو مانا جوانەکانی پڕە لە خۆشی و شادی، لەگەڵ ئەوەشدا دیوێکی دیکەی ئەو جوانیە دابڕان و جیابونەوەی خۆشەویستانە، ئەو پەیوەندیە رۆحیەی کە لە نێوان کەس و کاراندا هەیە زۆر جار نەیتوانیوە ئەو پەیوەندیە خزمایەتیە لە بیر ببات بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە بونەتە هۆی دابڕان .


فۆتۆ : کوێستان

راستە ساڵانی رابردوو لەبەر داخراوەیی سنوری سیاسی عێراق و کوردستان سەردان کردن بۆ ئێرە وەك مغامرەیەکی فیلمە ترسناکەکان بوو، ئێستا ئەو سنورە داخراوانە شکێندراون و دیدار و سەردانی لەو جۆرەی ئازیزان و ئەوانەی لێك دابراون، لێدەکەوێتەوە .

لەدەروەی بازنەدا

# میدیاو دیپلۆمات

لە شەمەندەفەری نزیك گەڕەکەکەماندا بە ڕێکەوت تووشی کیژۆڵەیەکی کوردی دراوسێمان بووم، تا شەمەندەفەرەکە گەیشتە سەنتەری سەرەکی ستۆکهۆڵم، سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری ئێستا چ دەخوێنێت، وتی: دەخوێنم، تا لە پاشەڕۆژی نزیکدا لە یەکێك لە بوارەکانی دیپلۆماتیدا کاربکەم، وتم دیارە تۆ لە بەشێك دەخوێنیت کە تایبەتە بە کاروباری دیپلۆماتکاری؟ وتی: بەڵێ لە ڕۆژانی پشوشدا واتە لە ڕۆژانی شەممەو یەك شەممە کاردەکەم، ئەو کیژۆڵە کوردە زیاتر لە هەژدە ساڵە لە سوید دەژی بە کوردییەکی ئەوەندە پاراو قسەی دەکرد روانینەکانم بەرامبەری وردتر بوونەتەوە و هەزاران ئافەرینم بۆ خانەوادەکەی نارد، ئەمە نمونەیەکە لە سەدان نموونە....

وەك ئارەزوو و خوێکی ڕۆژنامەنووسی لە وەتەی لە دەرەوەم ووردتر سەیری شتەکان دەکەمو نیگا لە هەندێك حاڵەت دەگرم کە پرسیاری سەرنج ڕاکێشەری ڕۆژنامەنووسی لێدەکەوێتەوە بە تایبەتیش هەڵس و کەوتی کورد لە کۆمەڵگایەکی لێواو لێوی دیموکراتی وەك سوید، ئەوە سێ ساڵ زیاترە ئەوەی زۆر ئاسوودەم دەکات گەیشتنی کوڕو کیژۆڵەی کوردە بە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆوە خوێندنە باڵاکان، ڕاستە دەمێکە کورد لە سوید بە هۆڵەکانی خوێندنی زانکۆکانی سوید ئاشنا بووە، بەڵام ئەوە سێ ساڵ زیاترە گەیشتن بە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ بۆتە دیاردەو خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی سویددا زۆر جار وەك گروپ دێنە بەرچاو، ئەو خوێندکارانە بێجگە لەوەی خەریکی خوێندنو وەدەستهێنانی بڕوانامەن ناساندنی کورد و کێشەی نەتەوەکەشیان زاکیرەی داگیرکردوونو بەردەوامو بە گوێرەی پێویست داکۆکی لێدەکەن.

لاوانی کورد لە زانکۆکانی سویددا زیاترینیان لە بەشەکانی سیاسەتو بواری دیپلۆماتو میدیا و فکرو دەرمانسازیو ئابووریو زانستەکانی ئەلیکترۆنو پزیشکیو ئەندازیاری دەخوێنن. بە ووردبوونەوە لەو بەشو کۆلیژانەی لاوانی کورد لێی دەخوێنن هەست دەکرێت ئەو لاوانە چەند هیوایان بە دوا ڕۆژی کوردو خاکی کوردستان هەیە، چونکە پسپۆریەکانیان بەشێکە لە پلانێك بۆ ئایندەی نەتەوەکەیان.

ئێستا زۆربەی نەخۆشخانە گەورەو بەناوبانگەکانی سوید پزیشکی کوردی تیایە، ئەمەو بێجگە لە بوارەکانی ئەندازیاریو ئەلیکترۆنیات، لەو باوەڕەدام لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا کۆمەڵێك لاوی کورد لە سوید لە بوارەکانی میدیاو سیاسەتیشدا کاردەکەنو جێ پەنجەیان دیاردەبێت، ئەو دوو بوارەش دوو هۆکاری گرنگن بۆ بە دەوڵەتیکردنی کێشەو مەینەتیەکانی کوردو خەڵکی کوردستان، خاڵی هەرە دیاری ئەو گەنجانەش ئەوەیە کە ئەوەندەی کوردو خاکی کوردستان دەناسنو دەیناسێنن ئەوەندە بیر لە ژیانی ئەمڕۆی حزبایەتی ناکەنەوە.



نەوزاد عەلی ئەحمەد
سوید



# دووبارە بوونەوەی مێژوو لە تورکیا

کاکەمین کەمال

هەوڵـەکانی تورکیـا بـۆ بـە ئـەوروپی بـوون، یـاخود چـوونە نـاو کۆمـەڵگای ئـەوروپی لــە مێژینــەن، ســەردەمێکی زووە هــەوڵی بـەدیهێنانی ئـەم خەونـەی دەدا، ئەمـە لـە ڕوانگـەی درك کردنـی بووە بە بایەخی ئەوروپا بۆ ئایندەی تورکیـاو سـود وەرگـرتن لـە دەسـکەوتو داهێنانـەکانی. ئەگـەر ئاورێـك لـە مێـژووی تورکیـا بدەینــەوە چ وەك دەوڵــەتی عوسمــان چ وەك میراتگــری شــەرعی ئەم دەوڵەتە، هەوڵەکانی تورکیـا لـەم بـوارەدا بەچـەند قۆناغێکدا تێپەڕیون، یەکەمیان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بوو، دیـارە تورکیـا میراتگـری دەوڵـەتی عوسمـانی یـە کـە وەك میرنـشینێك دروست بوو دوای ئەوەی نیشتمانی بنـەرەتی خۆیـان کـە ئاسـیای ناوەڕاسـت بـوو بـە جێهێـشت بـەهۆی تێکـچونی بـاری ئـابوریو پێکدادانیان لەگەڵ خێڵەکانی دەوروبەریان، ڕوویان کـردە ئاسـیای بـچوك،لە سـاڵی ١٢٩٩ وەکـو میرنـشینێك بـەناوی عوسمانیـەکان ناسران. دوای ئەوە لەسـەر حـسابی ڕۆمـەکان قەڵـەمڕەوی خۆیـان فراوانکـرد، لێـرەدا تورکـەکان زیـاتر بایـەخی ئـەوروپایان بـۆ دەرکـەوت، ئەگەرچـی لـەم قۆناغـەدا ئامانجـەکانیان فروانخـوازی سەربازیو ئاینی بوو، یەکەم هـەنگاویان بـەرەو ئـەوروپا لـە سـاڵی ١٤٥٣ بـوو لەسـەردەمی سـوڵتان محەمـەدی فـاتح، کاتێـك یەکـەم پارچەی گرنگیان لە کیشوەری ئەوروپا خستە پـاڵ دەوڵەتەکـەیان کە شاری ( قوسـتەنتینیە) بـوو دوای ئـەوەش ناوەکـەیان کـرد بـە ئاستانە دواتریش ئەستەنبوڵ و کردیانـە پایتـەختی خۆیـان، لـەوە بـــــەدوای دەروازەی ئــــــەوروپا بــــــۆ تورکــــــەکان والاکرایەوە،هەڵمەتەکانیان بۆ سەر ئەوروپاو کشان بـەرەو ڕۆژئـاوا بەردەوام بوو، پەیتا پەیتا وولاٌتانی ڕۆژهـەلاٌتی ئـەوروپاو هـەرێمی بەلکانیان داگیرکرد، زمـانو کـەلتوری تـورکیو ئـاینی ئیـسلامیان بەســـەر گـــەلانی ناوچـــەکەدا ســـەپاند کــە تــاکو ئێـــستاش ڕەنگادانــەوەی ئــەم هەولاٌنــەی تــورك بەســەر گــەلانی کۆســۆڤۆو بۆسنەو هیرزگۆڤیناو ئەلبانیاو و ئـەوانیتر زۆر بـە ڕوونـی لـە ڕووی زمانو دابو نەریتو ئایینو خورەوشتەوە دیارە.

تورکەکان تاکو کۆتاییـەکانی سـەدەی پـانزە، ڕوونـتر تـاکو سـاڵی ١٤٧٢ کاتێـك لەشـکری عوسمـانی لەبـەردەم بـەرگری دانیـشتوانی شـاری ڤیینـای پایتــەختی نەمـسا تێـك شـکا، لـە هەوڵـەکانیان بـەردەوابوون بـۆ هـەنگاو نـان بـەرەو قـولاٌیی ئـەوروپا، بـەلاٌم دوایئەم تێك شکانە ئەم ئارەزوەیان بۆ ماوەك مت بـوو، جوڵـەیان پەکی کـەوت، دوا هـەوڵی دەوڵـەتی عوسمـان بۆ بـەدیهێنانی ئـەم ئامانجـە سـاڵی ١٥٧١ بـوو کـە هـەوڵی داگیرکردنـی ئیـسپانیای دا لەڕێگـەی دەریـاوە، بـەلاٌم لـە شـەڕی دەریـایی (لیپـانتۆ) لەسـەر دەستی کەشتیگەلی ئیسپانیا ـ ڤینیـسی تێکشکان، لـەم شـەڕەدا ئـــەدیبی نـــاوداری ئیـــسپانی (ســـیرڤانتس) خـــاوەنی شـــاکاری بـــەناوبانگ (دۆنکیـــشوت) بریــنـدار بـــوو.دیـــارە لـــەم قۆناغـــەدا تورکــەکان مەبەســتیان ئــەوەبوو ئــەوروپا بخەنــە پــاڵ دەوڵــەتی عوسمـانی، نـەوەك خۆیـان بڕۆنـە پـاڵ کۆمـەڵگای ئەوروپی،لـەم کاتەدا لـە ئـەوروپادا یـەکێتی ئـەوروپا نـەبوو تـاکو بـەزەبری هێـز خۆیـانی تێـدا بکـەن بـە ئەنـدام، بـەڵکو لـەم قۆناغـەدا بەهـەر


ئەتاتورک

هۆیەکەوەبێت ئەوروپا داگیر بکەنو سود لە دەسکەوتە ئابوریەکانی وەربگرنو ئاینی ئیسلامیشی تێدا بڵاو بکەنەوە بەوەی کە خۆیان بە خەلیفەی موسڵمانانو رابەری مەزهەبی سوننی دەزانیو داوای گەورەیی (زعامە)ی ئیسلامیان دەکرد. ئیتر لەوە بەدواو دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی صەفەوی شیعەگەرا لە ئیرانو هەڵگرتنی دروشمی گەورەیی موسڵمانان کە ئەوکاتە کاریگەرترین چەك بوو بۆ راکێشانی سۆزی موسڵمانانی جیهان، مەترسیان خستە دڵی دەوڵەتی عوسمانیو بەرەو رۆژهەڵات هەنگاویان هەڵگرتو وازیان لە داگیرکردنی ئەوروپا هێنا، بە بروای من لێردا قۆناغی یەکەم کە بە تورك کردنی ئەوروپا بوو کۆتایی هات. دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانیو دابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە لە نێوان دەوڵەتە سەرکەوتوەکانی شەڕی جیهانی یەکەم ، ئەو شەڕەی کە دەوڵەتی عوسمانی لایەنێکی سەرەکی بوو تێیدا لە پاڵ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی، بەم دۆڕانەی سنوری قەڵەمڕەویەکەی کەم بۆوە زۆربەی زەویەکانی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا لە دەست چوو و سنورەکەی قەتیس کرایەوە لە چوارچێوەی ئەنادۆڵو ئاسیای بچوکدا، دەوڵەتی عوسمانی وەکو خلافەتی عوسمانی نەمایەوە دوای ئەوەی مستەفا کەمال ئەتاتورك کۆماری تورکیای راگەیاند لە ساڵی ١٩٢٣ دا و پایتەختەکەشی گواستەوە بۆ ئەنکەرە، دوای ئەوە تورکیا خەریك بوو بە تەواوی لە ئەوروپا دوور بکەوێتەوە، بەهۆی بڵاوبونەوەی بیری سوشیالیزمو سەپاندنی پەیمانی سیڤەر بەسەر تورکیادا, بەڵام دوای دەرکەوتنی بایەخی ستراتیژی و جیوپۆلۆتیکی تورکیا لە ئەجەندەی وولاتانی رۆژئاواو بڵاوبونەوەی خێرای مەترسیەکانی کۆمۆنیزم، ئیتر وولاتی رۆژئاوا دەستیانکرد بە دارشتنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا، لەم نێوەندەشدا سازشێکی زۆریان بۆ تورکیا کرد لەسەروی هەموویانەوەی پاشگەزبوونەوە لە پەیمانی سیڤەربوو بۆ رازیکردنی دڵی کەمالیەکان و بەکار هێنانی تورکیا وەك پەرژینێك لەرووی کۆمۆنیزم کە هاوسنورو بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیات.

دوای ئەمە بیری تۆرانیەت لە تورکیا باوی سەند و تکفیری هەموو بیروباوەڕێکی کردو رەتی بوونی هەموو نەتەوەیەکی غەیرە تورکی کرد لە تورکیاو عەلمانیەت و فرە حزبی مەرجدار بووە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، لێرەدا هەوڵەکانی نزیك بوونەوە لە


تۆرگوت ئۆزال

ئەوروپا جارێکی تر بووژانەوە و تورکیا بوو بە ئەندامی پەیمانی ناتۆ، لەم قۆناغە ناوەندەشدا نزیك بوونەوەی تورکیا بۆ گێڕانەوەی رۆڵی جارانی خۆی بوو، وەك سەردەمی عوسمانی کە حسابی زۆری بۆ دەکرا، دوا قۆناغی ئەم هەوڵانەی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرۆکی کۆچ کردووی تورکیا (تورگوت ئۆزال) ئەوکاتەی کە سەرۆك وەزیرانی تورکیابوو لە ساڵی ١٩٨٧ دا داوای چوونە ناو کۆمەڵگای ئەوروپای کرد کاتێك بە شێوەیەکی فەرمی داوای بەئەندام بوونی کرد لە یەکێتی ئەوروپا، وەك هەنگاوێکی تازەی جیا لەهەوڵەکانی پێشووی خۆی بۆ نزیك بوونەوە لە ئەوروپاو خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوروپی، ئەم داوایەی تورکیا ساڵی ١٩٩٨ چووە قۆناغێکی تر کاتێك تورکیا پاڵێورا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بە ئەندام بوونی، بەڵام هەندێك بواری گرنگ هەن بۆ وولاتانی ئەوروپا کە پێویستە تورکیا چاکسازیان تێدا بکات، بۆ ئەوەی ڤیزای ئەوروپای پێبدرێت ئەوانیش مەلەفەکانی مافی مرۆڤ و کێشەی قوبرص و کێشەی کوردو پەرەسەندنی رەوتی ئیسلامیە لە تورکیادا. بەڵام لێرەدا جارێکی تر تورکەکان سەریان دایەوە لە تاشەبەردەکانی ڤییەنا کاتێك سەرۆك وەزیرانی نەمسا بەم دوایی یە گوتی(( تاکو هاووڵاتیانی تورکیا لە نەمسادا مافی پەنابەریان پێ بدرێت، تورکیا لەبار نییە بۆ وەرگرتنی لە یەکێتی ئەوروپا)) بۆیە جارێکی تر بۆ تورکەکان مێژوو خۆی دووبارە کردەوە.

# عەبدوللا بۆر

# شاخێك لە وورە و دەریاییێك لە هێمنی..

**هەموومان بە گریان لە دایك ئەبین، بەلآم دەگمەنن ئەوانەی بە بزەوە لەگەڵ مەرگ دەکەونە ململانێ لەژیانیاندا، جگە لە هەڵوێست و سەربەرزی و سەرخستنی کێشەی گەلەکەیان شتێکی دیکەیان مەبەست نیە.....**

**لە هاویندا و بەقرچەی گەرما لە شاخ بە پارتیزانی بۆ تاقیکردنەوە (٢٤) کاتژمێر ئاوی نەخواردۆتەوە، لە کاتێکدا چەندین کانیاوی سازگار لەو ناوەدا هەبوون..**

**ئەو پیاوەی جارێکیان یاری کاغەز( ناپلیۆن )ی ئەکرد، کەزۆر خولیای ئەو یاریەیە..لە ناکاو هەواڵی یەکێك لە گەورەترین هێرشەکانی دوژمنی بۆ دێت، بەلآم ئەو خۆی تێك نادا و تاکو یاریەکە ئەباتەوە.**

**(عبدوڵلا بۆر) ئەو ناوەی کەم کەس هەیە گوێی لە نەبەردیەکانی نەبوبێ، سەر دەمانێك ئەو وەك ناوێکی ئەفسانەیی ئەهاتە بەر گوێ ..(کوێستان ) ئەو گفتوگۆ پێشمەرگانەیەی لە ناو شاردا لە گەڵدا ساز کرد.**

**دیمانە/ ئیدریس بامەندی**


*** ساڵی چەند بوویتە پێشمەرگە، ئەگەر بەکورتی باسێکی ئەو قۆناغەمان بۆبکەیت؟**

_ لەشۆڕشی ئەیلول ساڵی (١٩٦٦) خولیای پێشمەرگایەتی بووم، من و شەهید (ڕەسوڵ حەمەد ئاغا) دووجار چووینە لای شەهید (وەسمان بەگ)ی خاڵم کە دەوری مەسئولیەتی هەبوو، بەیەکەوە چووینە لای شەهید (محەمەد زیاد) بۆ ئەوەی ببینە پێشمەرگە، بەلآم لەبەر بچوکی تەمەنمان هەردوو جارەکە بە نائومێدی گەڕاینەوە، پاشان ساڵی (١٩٦٨)بۆ یەکەمجار لای خوالێخۆشبوو (عەلی کۆ) بووم بە پێشمەرگە، تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو، ساڵی (١٩٦٩–١٩٧٠) ماوەی پێنج مانگ بارەگامان لە (پشدەر– گوندی دارەشمانە) بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە (هێزێکی ئامادە) بووین بۆیە لەهەر شوێنێك کە پێویستی کردبێت، ئێمە بۆ ئەو شوێنە نێردراوین، هەر بۆیە بەشداریمان لەزۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەدا کردووە، لەسەرەتایی پێشمەرگایەتیم تا کۆتایی شۆڕشی ئەیلول ساڵی (١٩٧٥) لەهەر یەك لەم شەڕانە بەشداریم کردووە، وەك شەڕەکانی ( پشدەر، سەرچیا، پردی دوو ڕوو ، پردی کانی ماران لە گەلی عەلی بەگ، گۆڕەزی خواروو سەروو، گۆڕنۆك بناری کوڕەك، شەڕەکانی چیای کوڕەك، شەڕەکانی سەرتیز، گەروی عومەر ئاغا، زۆزك، هەندرێن).

*** نازناوی ( بۆر ) و ( شێرەبۆر ) لەچیەوە هاتووە؟**

_ مندالّ بووم نەنکم لە خۆشەویستیان نازناوی (بۆر)ی بۆدانام، لەژیانی پێشمەرگایەتیشمدا هەر بە (عبدوڵلا بۆر) ناسرام.

دەربارەی نازناوی (شێرەبۆر)یش لە شەڕەکانی قەیوان ماوەت ساڵی



(١٩٨٦)، کە سەرتیپی (١٩)ی کوڕەك بووم لەچیای کوڕەنگ بووین پاش تێکشکاندنی چەندین هێرشی دوژمن و شەڕێکی کەم وێنەو خۆڕاگریەکی زۆری هێزەکانمان بەرامبەر هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی دوژمن، شەوێکیان دوژمن دەستی کرد بە تۆپ بارانێکی زۆر خەست و دژوارو هێرش کردن، لەگەرمەی تۆپ باران و شەڕەکەدا، بەڕێز (مام جەلال ) بەبێ تەل قسەی لەگەڵ کردم. کە ئایا ئێمە دەتوانین خۆڕاگربین؟ منیش دڵنیام کردەوە کە (ئەگەر شاخەکە بڕوات دەنا ئێمە ناڕۆین )، ئەوەبوو پلانی شەڕەکەمان گۆڕیو هێزەکانمان ڕاسپارد کە بهێڵن دوژمن زۆر نزیك ببێتەوە، ئینجا دەستڕێژی چڕی لێبکەین، ئەوڕاستیەش لە ئەزموونی خەباتی پێشمەرگایەتی فێرببووین کە چەندینجار ئەو شێوازەمان پەیڕەو کردبوو، ئیتر دوژمن هێرشی هێناو دیتی کە هیچ بەرگریەك نییەو زۆر لە سەنگەرەکانمان نزیك بوونەوە، هێزەکانی دوژمن لە بەرامبەری ئێمە لە سورە قەلآ وایانزانی شاخەکە گیراوە و تەپڵی سەرکەوتنیان لێداو ئاسمانیان پڕکرد لە فیشەکی گڕدار، لەوکاتەدا لەپڕێکدا لێیان هاتینە دەست و گورزێکی کوشندەمان لێسرەواندن و ڕاومان نان، لەگەڵ ئەوسەرکەوتنە گەورەیەدا (مام جەلال) نازناوی (شێرە بۆر)ی پێ بەخشیم.

*** پێش بوونت بە پێشمەرگە پەیوەندیت بە ڕێکخستنەوە هەبووە ؟**

_ لە شورشی ئەیلولدا پەیوەندیم بە ڕێکخستنەوە هەبوو تا ئەوکاتەی بووم بە پێشمەرگە، وە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان هەر لە ساڵی (١٩٧٦) پەیوەندیم بە ڕێکخستنەوە کرد و هەر ئەوساڵەش بووم بە پێشمەرگە.

*** لەدوای ساڵی (١٩٧٥) چۆن قۆناغەکانی پێشمەرگایەتیت بڕی؟**

_ ساڵی (١٩٧٥) ئاوارەی ئێران بووم ، کەگەڕاینەوە عێراق و نەفی کراین بۆ (ناسریە)، لەوێ پەیوەندیم بە شەهید (عەلی عەسکەری)ەوە کرد، مانگی ئایاری (١٩٧٦) گەڕامەوە کوردستان و ئەوکات دەنگۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ لە ئارادا بوو، لە ڕواندز لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیرکرام و ڕەوانەی ناسریە کرامەوە و (٣١) ڕۆژ بەندکرام، دوای ئازادبوونم گەڕامەوە کوردستان و هەمان ساڵ واتا (١٩٧٦) لە لای (سەید کاکە) بووم بە پێشمەرگە، پاشان لەلای شەهید (وەسمان بەگ) مامەوە، ساڵی (١٩٧٧) کرام بە سەردەستە، ساڵی (١٩٧٨) کرام بە فەرماندەی کەرت، دواتر ساڵی (١٩٧٩) بووم بە جێگری فەرماندەی هەرێمی (١٢)ی هەندرێن کە ئەوکات شەهید (سەید سەلیم) فەرماندەی هەرێمەکە بوو، دوای ئەوەی کە (سەید سەلیم)لە (١٩٧٩/١٢/٢٤) لە داستانی سماقوڵی شەهید بوو، من بووم بە فەرماندەی هەرێمی (١٢)ی هەندرێن، لەڕاستیدا شەهید (سەید سەلیم) نموونەی فەرماندەیەکی قارەمانی کەم وێنە بوو، سەرەڕای ئەوەی کە لە داستانی سماقوڵی بە بۆردومانی فڕۆکە بریندار بوو، برینەکانیشی سەخت بوون ، کەچی لەو ساتانەشدا هەمیشە هانی هێزەکەی دەدا کە خۆڕاگربن، خەیاڵی هەر لەلای سەرکەوتن بوو نەك برینداریەکەی. کاتێکیش سەرکەوتنمان بەدەست هێنا زۆر خۆشحاڵ بوو، وە ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەربەرزانە شەهید بوو. ساڵی (١٩٨٤)کرام بە سەرتیپی (١٩)ی کوڕەك و لە ساڵی (١٩٨٨) سەرتیپی (١٢)ی سۆران بووم .تا دوای هێرشەکانی ئەنفال ئاوارەی ئێران بووین، لەساڵی (١٩٩٠) بەجەولەیەکی پارتیزانی گەڕاینەوە ناوچەکەمان و ساڵی (١٩٩١) کرام بە جێگری هێزی (١٢)ی باڵەك و هەر هەمان ساڵ کرام بە فەرماندەی هێزەکە، لە سوپای یەکگرتووی کوردستانیشدا کرام بە ئامر لیوای (٣٢)ی هەریر، دواتر چەندین پلەی جۆراو جۆرم بڕیوە، ئێستا کارگێڕی فەرماندەیی گشتی (ه.پ.ك)م.

*** لەڕیزەکانی (ی.ن.ك)دا (کۆمەڵە) یان (شۆڕشگێران)ت هەڵبژارد، بۆچی ؟**

_ من تا ماوەیەك بێ لایەن مامەوە، دواتر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕنجدەرانم هەڵبژارد، چونکە لەگەڵ بیرکردنەوەی مندا ئەگونجا و کۆمەڵە بۆ ئەو قۆناغی خەباتی ڕزگاری نشتیمانی پێویستیەکی مێژوویی بوو.


*** ئەو شەڕانەی کە بەشداریت تێدا کردووە بەتایبەت شەڕی دەستەویەخە؟**

_ بەشداری زۆر لە شەڕەکانم کردووە هەندێك لەو شەڕانە وەکو (داستانی گوندی گەرەوان ١٩٧٧/٣/١٢، شەڕی سماقوڵی ١٩٧٩/١٢/٢٤، کەلکی بەگزادە، کوردستانی ڕۆژهەڵات ١٩٧٩، فەقیان – ئاکۆیان ١٩٨٢، شەرەکانی قەیوان ماوەت ١٩٨٦، داستانی ڕزگاری شەوی ١٢–١٩٨٧/٤/١٣، سەرگۆڕان (بناری کوڕەك) ١٩٨٧، شەڕەکانی دۆڵی ئاکۆیان و دەوروبەری لەکاتی ئەنفالەکان، شەڕی ڕەشکی لەسەر ١٩٨٨، شەڕی سادر١٩٨٩، شەڕی کۆڕێ١٩٩١، شەڕەکانی ئەنصار ئیسلام لە ناوچەی هەورامان ٢٠٠٣، لەڕاستیدا شەڕەکەی سەرگۆڕان (بناری کوڕەك)کە شەوی ١٠_١٩٨٧/٢/١١ بوو شەڕێکی زۆر دەستەو یەخە بوو کەتیایدا (٣) دەبابەی دووژمن دەستیان بەسەردا گیراو سوتێندران.

*** لەژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندجار بریندار بووی، ئەگەر بەکورتی باسی چەندجارێك بکەی؟**


سەید کاکە – عەبدوڵلا بۆر

_ لەژیانی پێشمەرگایەتیدا (١٤) جار بریندار بوومە، کە چەند جارێك برینەکانم زۆر سەخت بوونەو لەکەناری مەرگ گەڕاومەتەوە، بۆنمونە: سەرلەبەیانی (١٩٨٨/٢/٢٦) لە میحوەری دۆڵی ئالانە دووژمن هێرشێکی گەورەی هێنا، لەدوای شەڕێکی قورس توانیمان هێزەکانی دووژمن زۆر بەباشی تێك بشکێنین و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنین و قائیدی هێزەکەی دووژمنیش کوژرا.دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە لەگەڵ پێنج پێشمەرگە دانیشتبووین باسی ئەو سەرکەوتنەم بۆدەکردن، دووژمن وەك هەمووجارێك کە شکستی دەخوارد، دەستی دەکرد بە تۆپ بارانکردنی سەنگەرەکانمان، گوێمان بە تۆپ بارانەکەندا، لەدارەئیشکی کوڕەك کە بەسەر شوێنی شەڕەکەدا دەڕوانی، ئێمە بەتەواوی دەبینراین، چەند هاوەنێکی لە دەوروبەری ئێمەدا، هاوەنێك



شەهید سەید سەلیم

زۆر لە نزیکی ئێمە تەقیەوە، من هەر دانیشتبووم، ئەوەندەمزانی بەلادا هاتم ماوەیەکی زۆر لەهۆش خۆم چووبوم، کە بەهۆش خۆم هاتمەوە وامزانی لە خەوێکی زۆر قولّ و خۆش بەخەبەر هاتم، کەهەڵسام ووڕ بووم ئەوکات زانیم کە (تەقیەدین) شەهید بووە من و (٣) پێشمەرگەی تریش بریندار بووین، پارچەیەك دابووی لەلای چەپی سەرم و هەموو گیانم خوێن بوو، تەنها شەهید (حاجی کەندۆر)ی بەسەلامەتی دەرچوبوو، لەوکاتەی کە لەهۆش خۆم چوبووم، وایانزانیبوو کە شەهید بوومە، بۆیە شەهید (مام شوان)و شەهید (کەریم عەولا سەر ڕەش) زۆر بە پەرۆشی و بەپەلە خۆیان گەیاندبوە لای ئێمە، دواتر شەهید (حاجی کەندۆر)ی منی گەیاندە نەخۆشخانەی خەتیّ، لەویّ بەڕێز(د.زریان) چارەسەری کردم دەیگوت: (زۆر بەختت هەبووە و بەڕێکەوت شەهید نەبوویت، لەبەرئەوەی پارچەکە داویەتی لە نێوان دوو ئێسك و پاشان بەڕێکی نەڕۆیشتووە و ئاراستەکەی گۆڕیوە و بەرەو خوار ڕۆیشتووە، ئەگەر تۆزێکیتر بەڕێکی ڕۆیشتبا بێگومان شەهید دەبوویت..). ئێستاش پارچەکە هەرماوە و دەرم نەهێناوە لەبەر هەستیاری شوێنەکەی.

جارێکی تریان لە شەوی (٢٠-٢١/٧/ ١٩٨٤) مەفرەزەیەکی (٥)کەسی بووین کە بۆکاری تایبەتی حزب دەچووینە ناو (رواندز)، بەرلەوەی بگەینە شار لەسەر سپیلکی رواندز کاتژمێر (١٠:٥)ی شەو کەوتینە ناو بۆسەی دووژمن، زۆر لەنزیکەوە دەستڕێژیان لێکردین، لەئەنجامدا من و (م. ڕەشاد)بریندار بووین، گوللەیەك لای ڕاستی سنگمی پێکا و لە پشتمەوە دەرچوو، بەهۆیەوە ئەوکات دەستی ڕاستم لەکار کەوت، بەدەستی چەپ تەقەم کردوو برادەرانیش لێیان هاتنە دەست و دووژمن بۆسەکەی جیّ هێشت و هەلاتن، پاشان بە هاوکاری مەڵبەندی (٣) گەیاندرامە بالیسان و لەوێشەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیە کرام، چونکە ئەوکات ئێمە لەگفتوگۆدا بووین لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕێگەی دانوستان، لەویّ دکتۆرێك کەناوی (ئومێد)بوو، دکتۆرێکی سەربازی بوو دووبارە برینەکانی کردمەوە و تەداویان کردەو و دوریانەوە، لەڕێگەی نەشتەرگەری نزیکەی (٥)بتڵ خوێنیان لەناو هەناو دەرهێنام و چارەسەری خێرا و باشیان بۆکردم و ڕەوانەی هەولێر کرام.

*** خۆشەویسترین کەس کە لە نزیکتەوە شەهید بووبیّ کیّ بووە؟**

_ لەبەرئەوەی شەهیدبوون دوا لوتکەی هەڵوێستی تێکۆشانە بۆیە ناتوانم جیاوازی لە نێوان شەهیدەکان بکەم، لە خۆشەویستیم بەرامبەر شەهیدە ڕاستەقینەکانی سەنگەری بەرگری و هەڵمەتی شۆڕشگێرانەدا، هەرچەندە جاری وا هەبووە فەرماندەیەك یان کە پێشمەرگەیەکی قارەمان شەهید بووە کەلێنی بۆ هێزەکە دروستکردووە، ئەو شەهیدە مەزنانە ژمارەیان زۆرە، ناکریّ هەندێکیان جیا بکەمەوە.

*** کەی فێری خوێندەواری بووی، چی دەخوێنیتەوە؟**

_ لە منداڵیەوە چوومە لای مەلای گوندەکەمان ئەوسا قوتابخانە نەبوو، وە باوکم زانایەکی ئاینی بوو هاوکاری زۆری کردم، دواتر چوومە قوتابخانە، لەژیانی پێشمەرگایەتیشمدا، چونکە (شۆڕش خۆی فێرگەیە) زۆرشتی لێوە فێربووم و بەردەوام ئەدەبیاتی سیاسی و حزبیم خوێندوّتەوە، ئێستاش بەردەوامم لەسەر خوێندنەوەی کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، بەتایبەتی ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ ڕۆژانە دەخوێنمەوە .

*** یەکەمجار کەی (مام جەلال)ت بینی؟**

_ ساڵی (١٩٧٧) بۆیەکەمجار لەسەر سنوری (عێراق - ئێران - تورکیا) بەڕێز (مام جەلال)م بینی.

*** بەگەنجی خۆشەویستیت کردووە؟**

_ ژیان بیّ خۆشەویستی شتێکی بیّ مانایە، بەلاّم مرۆڤ هەرجارەی شتێکی خۆشدەویّ، لە منداڵی دایكو باوكو نەنكو باپیرم زۆر خۆش دەویست، دوایش فامم کرد، عاشقی چەکی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی بووم، دەربارەی ئەڤین و دڵداریەوە باوەڕم پیّ بکەن تا ژنم نەهێنا هیچ عاشقایەتیەکم نەکرد، کە بوومە پێشمەرگە عاشقی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی و ئازایەتی بووم، شەهید (سەید سەلیم)

**شەهید سەید سەلیم، فەرموودەیەکی هەبوو، دەیگووت: "پێم خۆش نییە بەردی پێشەوە بدەمە کەس".. باوەڕ بکەن منیش هەمان هەستم هەیە**

فەرموودەیەکی هەبوو دەیگوت (پێم خۆش نیە بەردی پێشەوە بدەمە کەس)، باوەڕ بکەن منیش هەمان هەستم هەبوو، پێم ناخۆش بوو کەس پێشم بکەوێتەوە لەشەڕدا، هەرچەندە ناخۆشە ئەوە بڵێم کەمن زۆر خۆنەویست بووم، هەموو سەرەتاکانی شۆڕش و کوردایەتی و فرمانی سەروی خۆمم پێ لەخۆ گرنگتر بووە، شتێکی تریش حەزم لێ یە بیڵێم ئەویش خۆشەویستی جەماوەر بوو لای من، لە سەردەمی شاخ زۆر هەوڵم داوە هەرگیز نەبمە ئەرك بەسەر هیچ ماڵ و خێزانێك و بەبیرم نایە هەرگیز تەکلیفم کردبێ خواردنێکی تایبەتیم بۆ دروستبکەن، تەنها یەکجار نەبێ برادەرێك لەگوندی (ڕماوێژ) زۆر زۆر تەکلیفی کرد، حەزت لە چ خواردنێکە بۆت ئامادەبکەین، منیش ناچار گوتم ساوار، ساواریان بۆلێنام.

*** دوای هێنانی دوو ژن، ڕات لەسەر فرەژنی چۆنە؟**

_ دیاردەی فرەژنیم پێ پەسند نیە، بەڵام دیارە من کە داوای ژنی ترم کرد، خێزانەکەم خۆی ڕەزامەند بووەو ئێستاش هیچ کێشەیەکمان نیە، دووبارەی دەکەمەوە دیاردەی فرە ژنی خراپە.

*** کاك عبدوڵڵادەڵێن تۆ پێتشەرمە کە کەسێك توانایەکی هەبێ و تۆ نەتبێ؟**

_ فێربوون و زانین غەریزەی هەموو کەسێکە، منیش وەك هەر مرۆڤێك هەمیشە خولیای فێربوون و زانینم هەبووە و هەوڵی زۆریش ئەدەم ئەوەی خەڵك ئەیزانێ و ئەتوانێ کەمنیش بتوانم و بیزانم.

*** جاری وا هەبووە چەند جۆرە چەکێکت لەیەك شەڕدا بەکار هێنابێ، ئەگەر نمونەمان بدەیتێ؟**

_ بەڵێ، زۆرجاری وا هەبووە چەند چەکێکم لەیەك شەڕدابەکار هێناوە، بۆنمونە لەشەڕەکانی (قەیوان ماوەت) لە شاخی کۆڕەنگ، بۆ سەرلێشێواندنی دووژمن کە شوێنی دۆشکاکەمان نەزانێت و وابزانێت لەچەند سەنگەرێکدا دوشکامان دامەزراندووە، توانیم دۆشکاکە لەسەر سێپایەکەی دابگرم و لەچەند سەنگەرێکی جیاواز تەقەی پێ بکەم، لێرەدا پێویستە لەم شەڕەدا ئاماژە بە ڕۆڵی هەریەك لە شەهیدان (خاڵ عزەت فەقیانی و ئەنوەر ئاکۆیی و مام تۆفیق (شوانۆ گەرەوەیی)بکەم، کە دەوری قارەمانانەیان هەبوو، لەکاتی گواستنەوەی دۆشکادا زۆر هاوکارم بوون، جگە لەوەی لە چەندین شەڕو چالاکیدا چەکی (RBG) و (BKC)م لەگەڵ کلاشنکۆفدا بەکار هێناوە.

*** چەند جۆرە یاری دەزانی، بیستوومانە بە دۆران تووڕە دەبیت وایە؟**

_ زۆر لە یارییەکان دەزانم بۆ بەسەربردنی کات، هەموو دۆڕانێکم پێ ناخۆشە و هەمیشە حەزم لەبردنەوەیە .

*** یادەوەریەکی خۆش و ناخۆشی ژیانی پێشمەرگاتیمان بۆ باس بکە؟**

_ خۆشترین یادەوەریم ئەوە بوو کە شەهیدی سەرکردە (حەسن کوێستانی)سەرکردایەتی ڕەتڵێکی دەکرد، ئێمە لە زەڵێ بووین مژدەی ڕاپەڕینیان داینێ، کە پێشتر سەرکردایەتی (ی.ن.ك)بەرنامە ڕێژی بۆ کردبوو، لە ڕێگەی ڕەزگەو مارەدوو تاکو ڕانیە، لەوێ لەگەڵ جەماوەر یەکترمان گرتەوە و ڕاپەڕین بەرپا بوو، کە دیار بوو چەند بەحەماسەوە تەعبیریان لەو ڕۆژە خۆشە دەکرد، بەهۆی ڕامالینی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوو هێزی پێشمەرگە، ڕۆژانی ڕاپەڕین تا ڕزگار کردنی کەرکوك لای من خۆشترین بیرەوەرین.دەربارەی ناخۆشترین بیرەوەیش ڕۆژی (١٩٨١/١/١) ئێمە (٣٤) پێشمەرگە بووین لە دەرگەڵە بەرێکەوتین بەر لە بەرێکەوتنمان شەهید (صەباح)ە ڕەش زۆر داوای لە پێشمەرگەکان کرد نەڕۆین، لەبەر ئەوەی ڕۆژێکی زۆر سارد بوو بەفر کڕێوەی دەکرد و تەموتومانێکی چڕیش بوو، هەر ئەوانەی لەگەڵماندا بوون دەزانن چ ڕۆژێکی ناخۆش و سەخت بوو، بەڵام بە ئیرادەیەکی پتەوە وە درمان بە بەفر ئەدا و هەرچۆنێك بوو توانیمان بگەینە ناو گوندی (سەران) بەناو ئەم بەفرو کڕێوەیەدا ڕۆژی وا ناخۆشم کەم دیوە، خەڵکی گوند سەریان سورمابوو کە دەرچووین و باوەڕیان نەدەکرد کە بەڕاستی ئێمە لەدەرگەڵەوە هاتووین بۆ ئەوێ، پێیان وابوو ئێمە بەرەو دەرگەڵە ڕۆیشتووین، بەڵام دەرنەچووین و گەڕاوینەتەوە.

*** دەڵێن زۆر لە ئیش و کارەکانت بەخۆت دەکەیت، بەتایبەتی لەکاتی دروستکردنی سەنگەرو خانوودا؟**

_ من هەمیشە حەزم کردووە بەخۆم کارەکانی خۆم ڕاپەڕێنم ، بەتایبەتی لەژیانی پێشمەرگاتیدا و لە دروستکردنی سەنگەرو کاری تردا وەك هەرەوەزی و ئیشوکاری تری خەڵك، هەمیشە حەزم نەکردووە وەك بینەر سەیریان بکەم، بەڵکو لەگەڵیاندا هەمیشە کارم کردووە، بۆنمونە: (١٩٧٧/١٠/٢٣) لە گوندی (گلاڵەگەردی خواکورك) بووین ئیشمان لەگەڵ خەڵکی گوندەکە دەکرد، پیرەژنێکی ئەو گوندە پێی ووتم مادام تۆ هێندە لە ئیشکردندا چالاکی کوڕم، بۆچی بوویتە پێشمەرگە، چونکە ئەو وایدەزانی کە ئێمە لەترسی کارو کەسابەت بووینەتە پێشمەرگە، منیش پێم ووت، پورێ گیان لەبەر ئەوەی ئێمە میللەتێکی ژێردەست و چەوساوەین بۆیە پێویستمان بە خەباتو تێکۆشان هەیە بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەکەمان، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بووینەتە پێشمەرگە و ئێمە نە لە ترسان و نەلەبرسان نەهاتووین، بەڵکو هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوەناوین بۆ جێ بەجێکردنی ئەوئەرکە مێژووییە، بۆ بابەتی خانوەکەشم بەڵی، بەپێی توانای خۆم ئیشم تیا کردووە و جاری



عەبدوڵلا بۆر – شەهید مام شوان – عوزێر فەقیانی



وابووه(٤) بلۆكم بەجارێك هەڵگرتوون و دەشتوانم زیاتر هەڵگرم، وە (٢) كیس چیمەنتۆم بەجارێك هەڵگرتووە.

*** لە دروستكردنی خانوەكەت ئیشت بە پێشمەرگە كردووە؟**

_ ئەوەی ئارەزووی كردبێ خۆی ئیشی تیاكردووە ، بۆئەو مەبەستە زۆر سوپاسی هەموو ئەوانە دەكەم كە هاوكاریان كردوم، بەتایبەتی خەڵكی دۆڵی ئاكۆیان و دۆڵی مەلەكان و خەڵكی ئاوارەی ئەم ناوچەیە، كە بەحەزی خۆیان ئیشیان لەگەڵ كردووم، بەڵام خۆم داوام لەكەسیان نەكردووە ئیشم بۆ بكەن، دووبارە سوپاسی هەموو لایەكیان دەكەم.

*** ئەیوبی كورت كێشەت بۆدروست ناكات؟**

_ ئێمە لەماڵەوە كەسمان كێشەمان لەگەڵ یەكتر نیە، تەنها ئەو ناوە ناوە كێشەم بۆ دروست دەكات، لەبەر ئەوەی لەڕووی جەستەیی ناتەواوە، بۆیە پەرچە كرداری هەیە، بەڵام ئێمە خۆشمان دەوێت، زۆرجاریش هەر لێی ئەكەین بە سوحبەت، ڕۆژێك چەند هەڤاڵێكم لەلا بوون لەماڵەوە ئیشمان هەبوو، منیش بە (ئەیوب)م گوت كورم بڕۆ ئەولا، ئێمە ئیشمان هەیە، (ئەیوب)یش گوتی بۆچی بچمە ئەولا جاسوسم؟ منیش گوتم كورم كەس نەیگوتووە جاسوسی، بەڵام ئیشەكە پەیوەندی بەتۆوە نیە.

*** لە مراجعی ماڵەوە تووڕە نابیت؟**

_ نەخێر، چونكە زۆربەیان بۆ ئیش و كاری پێشمەرگایەتی دێنە لام و نازیان بەسەر منەوە هەیە، لە ڕۆژگارە سەخت و دژوارەكاندا لەگەڵ من بوون و ئەركی پێشمەرگانەی قورسم پێ سپاردوون، یان كەسوكاری شەهیدە سەربەرزەكانن كە هەمیشە خۆم بەقەرزداریان دەزانم و تا بۆم بكرێت لە خزمەتكردنیان درێغی ناكەم، كە ئەوەش بۆ من جێگەی شانازیە.

*** نامەی كێ دەخوێنیتەوە، لەگەڵ واستە چۆنی؟**

_ نامەی پێشمەرگە و كەسوكاری شەهیدان و خەڵكی شایستە دەخوێنمەوە و هەرچی لە توانامدا هەیە، بۆیان جێبەجێ دەكەم، ئەمەش بەواستە نازانم.

*** خۆت لەبازاڕ شت بۆخۆت دەكڕی؟**

_ زۆرحەزدەكەم بەئارەزووی خۆم شتەكانی خۆم بكڕم، بەڵام جاری وا هەیە ڕێك ناكەوێ، بەهۆی سەرقاڵیم، بۆیە دەبێ یەكێكی تر بنێرم بۆم بكڕێت.

*** بۆ جلوبەرگی مۆدە (قات) لەبەر ناكەی؟**

_ زۆرتر جلو بەرگی كوردی بەكار دێنم، حەزی لێ دەكەم، جارجارەش (قات)لەبەر دەكەم.

*** لەگەڵ سەردان چۆنی بەتایبەتی سەردانی ماڵی شەهیدان ؟**

_ بەشاهیدی خەڵك بەرنامەی تۆكمەم هەبووە بۆ سەردانیان و بەسەر كردنەوەی خەڵك، لە هەموو بۆنە كۆمەڵایەتیەكانیش بەشداری خەڵكم كردووە، هەندێ جاریش بارودۆخ بواری نەداوە، ئەو ئەركە وەكو خۆی جێ بەجێ بكەم و هەمیشە خۆم بەدڵسۆزو وەفاداری كەسوكاری شەهیدان و خەڵكی خۆمان دەزانم، كە لەڕۆژانی سەخت ڕۆڵی خۆیان هەبووە.

*** مەلەوانی دەكەی؟**

_ حەزم لە مەلەوانیەو مەلەوانیش دەزانم و دەشتوانم زۆر لەناو ئاودا بمێنمەوە.

*** ئارەزووی زۆرخەوتن دەكەی، بەیانیان زوو هەڵدەستی؟**

_ زۆر حەز لە خەوتن ناكەم هەرچەندە شەو درەنگ ئەنووم، بەڵام بەیانیان زوو هەڵدەستم.

*** ڕۆژانی ناخۆشی ژیانت؟**

_ ناخۆشترین ڕۆژەكانی ژیانی پێشمەرگایەتیم ڕۆژانی شەڕی ناوخۆ بوو، هیوادارم جارێكی تر هەرگیز ئەم جۆرە كارەساتانە دووبارە نەبنەوە و بەڕاستیش هیچ شتێ لای من لە ڕوژانی شەڕی ناوەخۆ ناخۆشتر نەبووە.

*** سەردانی دەرەوەی وڵاتت كردووە؟**

_ بە ئاوارەیی دووجار چوومەتە ئێران و بەسەر دانیش دووجار.

*** لە میوانداری قەڵس نابیت؟**

_ نەخێر بەپێچەوانەوە خۆم و ماڵەوەشمان زۆر سینگ فراوان و میوان دۆستین.

*** ئایا ڕژێمی بەعس پەیوەندی پێوەكردوویت ، وەڵامت چی بووە؟**

_ ساڵی ١٩٧٩ كەدایكو باوكم بەهۆی منەوە گیرابوون و زیاتر لە دوو



ساڵ زیندانی بوون، ڕژێم بەچەندین بەڵێن و پیلان هەوڵی دەدا بۆ لەخشتە بردنم، بەڵام بەپێچەوانەوە هەمیشە زیاتر سور دەبووم لەسەر خەباتو تێکۆشان، لەڕاستیشدا، دایكو باوکم (بەڕەحمەت بن) هەمیشە هاندەرم بوون بۆ پێشمەرگایەتی و لەزیندانیشدا خەبەریان بۆدەناردم و داوایان لێ دەکردم کە خۆڕاگربم و خەمی گیرانی ئەوانم نەبێت، ئەو هەڵوێستەی ئەوانیش زیاتر خۆڕاگری و خەباتگێڕی بەمن دەبەخشی و دواجاریش زیاتر دەبوومە جێی متمانەی شۆڕشو جەماوەری تێکۆشەر.

* **هیچ کات هەوڵی تیرۆر کردنت دراوە لەلایەن ڕژێمەوە؟**

_ بەڵی ، بێگومان.

* **ئەو خەونانەت کە هاتوونەتەدی و ئەوانەی کە نەهاتوونەتە دی، کامانەن؟**

_ ڕاپەڕین و دەستکەوتەکانی، ڕزگار کردنی عێراق و ئازادی و ڕزگاری گەلەکەمان. وە ئەوانەی کە هێشتا نەهاتوونەتەدی، ئەوبەشانەی کوردستان کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر کوردستان، و سەربەخۆیی کوردستان.

* **ڕات چی یە بەرامبەر بە دەستەگەری و ناوچەگەری؟**

_ من دژی مەفهومی هەردوو دەستەواژەی دەستەگەری و ناوچەگەریم، چونکە هیچ کامیان خزمەت بە ڕێبازەکەم و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەم ناکەن. هەمووما‌ن دەزانین کەکار گەیشتە دەستە گەری و ناوچەگەری لەناو یەك ڕێکخراو و یان حیزبدا مەرام و ئامانجی تایبەتی جێگەی ئامانج و ستراتیژی گشتی حزب یا ڕێکخراوەکە دەگرێتەوە و ململانێکە لە چوارچێوەی فکر و مەعریفەدا دەردەچێت و مۆرکی دەسەڵاتخوازی و کارکردن بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەت وەردەگرێت، بۆیە من بەهەموو شێوەیەك دژی دەستەگەری و ناوچەگەریم، وەلەو بارودۆخەی ڕابوردوشدا کە ئومێدەوارم ئیدی ببێت بە ڕابوردوو و کۆتایی پێ بێت، من لەلایەن خۆمەوە هەمیشە خوازیاری یەکڕیزی و تەبایی و یەکێتی ناو یەکێتی بوومە و هەرواش دەبم.

# من دژی مەفهومی هەردوو دەستەواژەی دەستەگەری و ناوچەگەریم، چونکە هیچ کامیان خزمەت بە ڕێبازەکەم و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەم ناکەن

* **بەنیازنیت بیرەوەریەکانی خۆت بنوسیتەوە؟**

_ بەڵێ بەنیازم بیاننوسمەوە. وە هەر لێرەش حەز دەکەم، ئەو هەڤاڵانەی کەبوار نەبووە لەو چاوپێکەوتنەدا ناویان بهێنم، لە نوسینەوەی بیرەوەریەکاندا ڕۆڵی هەر هەموویان وەکو خۆی باس دەکەم.

* **بەکورتی ئەم ناوانە چی دەگەیەنن لەلات؟**

ڕواندز– مێژوویەکی پڕ لەسەروەری و هەستانەوەی دوای نوچدان.

کێل کێل – یەکێکە لە سومبولەکانی بەرخودان.

شەهید ئیبراهیم یزیدی– مێرخاس، ئازا، وەفادار.

شەهید سەید سەلیم – وێنەی فەرماندەو سەرکردەیەکی هەرە قارەمانی کورد.

ڕانیە – نیشانەو هێمای ڕاپەڕین.

* **گۆڤاری کوێستانت بینی، ڕات چۆنە لەسەری؟**

_ بەڵێ بینیم گۆڤارێکی چاکە، چونکە دەڤەرەکەمان پێویستی پێیەتی، و (ڕێگای هەزاران میلیش بەیەك هەنگاو دەست پێدەکات) بەتایبەتی (٨٠)ساڵ پێش ئێستا شارەکەمان چاپخانەی هەبووە و ناوەندی دەرکردنی یەکەم گۆڤاری زاری کرمانجی بووە، بۆیە دەستخۆشیتان لێدەکەم و هیوای بەردەوام بوون و سەرکەوتنتان بۆدەخوازم .

* **دواوتەت چی یە؟**

_ داوای لێبووردن لە هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرانم دەکەم، کە پەیوەندیان بەو بابەتانەوە هەبووە و ناویانم نەهێناوە، چونکە لەچاوپێکەوتنێکی وا کورتی گۆڤارێك هەر ئەوەندە بوار دەبێت.

# (کوێستان) ئاورێك لە فۆلكلۆری کوێستان بداتەوە

**هێمن عمر خۆشناو**

ئەگەر پێ لەسەر ئەو ڕاستیە دابگرین، کە فۆلکلۆر سامانێکی گرنگ و بەرزی هەموو میللەتێکە، ئەوا دەبێ پێ بەپێ بەدوای شوون‌و سۆراغی کەلەپوور دابچین، کە فۆلکلۆری گەلی کوردیش لە شوێنی خۆیدا و لەنێو لات و پاتی و هەژاری و بێ دەرامەتانی نوسینەوەی مێژووی نەتەوەیی و مێژووی ژانرە ئەدەبیەکانمان بەبێ بایەخی سەیرکراوەو کەمتر هەوڵی کۆکردنەوەو تۆمارکردنی دراوە.

لەو ڕوانگەوە لەژێر سێبەری ساباتی ئەو تێڕوانینەوە دەبێ بڵێین فۆلکلۆری ئێمە نەك تەنیا بەرهەمی ڕەسەنی باب‌و باپیرانمانە,بەڵکو دەرخەری مێژووی نەتەوەیی و هەروا چراوگی دۆزینەوەی مێژوو ئەدەب و هونەریشمان نیشان دەدات، چونکە گومانی تێدانیە ئەوەی ئەمڕۆ واقیع و لەسەر زارانە سبەینێ کۆن دەبێت و دەبێتە مێژوو کەلەپوور . هەموو میللەتێکیش بە پێودانی سامانی کۆن و بەرهەم و بیرو بڕواو کەلەپووری کۆنەوە حسێب بۆ ژیارو شارستانیەت و ئاستی ڕۆشنبیریەکەی دەکرێ بەپێچەوانەی ئەو تێڕوانینە شەوە فەرامۆشکردن و گرنگی نەدان بەم سامانە گرنگەو بەچاوی سوك تەماشاکردن، کایەکی مەعریفی گەورە لەدوێنێو ڕابردوو دەخرێتە باری کوشتن کە بێگومان

**لەسۆران و دەوروبەری جوڵەیەکی بەرچاو لەڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری‌و پەخش‌و وەشاندن دەبینرێ، وەلێ ئەوەی جێگای قسە لەسەر کردنە زۆر کەم تاك و تەراش نەبێ بایەخ بە فلکلۆر و بەرهەمی میللی ئەو دەڤەرە نەدراوە کە بێگومان سامانێکی لەبن نەهاتووە**

بیرکردنەوە بەو لۆژیکە دەرگا داخستنە بەسەر ڕابردوودا وەك (هەمزەتۆڤ)یش گوتەنی ئەوەی گوللە بەڕابردووەوە بنێ داهاتووش تۆپی پێوەدەنێ. گەلێکی چەوساوەی وەك کوردیش خۆی لەگومانی نادیاری و ناڕۆشنی ئاسۆی داهاتووی دا دەژی، ڕابردوو بەلاوە نانیش سەربارو بن بار..؟

لەسۆنگەی ئەو ڕاستیانە دەڤەری سۆران وەك هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە چ لەڕووی هەڵکەوتی مێژووییەوە یان شێوەزارو دیالێکت و کلتورو داب و نەریتی تایبەت بەخۆی ئەمە سەردەکێشێ بۆ بوونی بەشەکانی دیکەی فۆلکلۆریش لەنێویاندا ئەدەبی میللی و سەرزاری بەهەموو لق و ژانرەکانیەوە. لەسۆران و دەوروبەری جوڵەیەکی بەرچاو لەڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و پەخش و وەشاندن دەبینرێ وەلێ ئەوەی جێگای قسە لەسەر کردنە زۆر کەم لەوانەیە تاك و تەراش نەبێ بایەخ بەفلکلۆر و بەرهەمی میللی ئەو دەڤەرە نەدراوە کە بێگومان سامانێکی لەبن نەهاتووە . دەکرێ یەکێك لەپەیامە سەرەکیەکانی ئەو بڵاو کراوانە کۆکردنەوەو پاراستنی ئەو سامانە بێت بابە هەموومان قۆڵی دڵسۆزی لێ هەڵمالین و دەست بەکۆکردنەوەی هەقایەتی بەرئاگردانی کۆنی ئەو ناوچەیەو پەندو ئیدیۆم و قسەی پیرو پێشینان و ئەفسانەو حەیران و سەربەردەو مەتەڵ...هتد بکەین و هەرچی زووە تا مێژوو لەزاکیرەی خۆیدا ونی نەکردوون و تالە داهاتودا لەسەر ئەو خەرمانەوە نەوەی دیکە ئاشنای مێژووی نەتەوەیی و داب و نەریت و بیرو بڕواو کلتورو ئەدەبیاتی ڕابردویان بن.

بەئومێدی ئەوەی هەریەکەمان نیگایەك بەرەو ڕابردوو بنێرین و (کوێستان) یش فۆلکلۆری کوێستان و کوێستان نشینان لەبیر نەکات.

*** سەرنوسەری گۆڤاری سابات**

# توندوتیژی یان زمانی ترس ولەناوبردن

**ئەم لاپەرەیە لەلایەن ( سەنتەری هۆشیاری تاك )ەوە ئامادە دەكرێت**

پاراستنی ژیانی مرۆڤایەتی ئەركی زیندووی كەسایەتیە خاوەن ویژدانەكانی سەرزەمینە، ئەگەرچی مرۆڤە خۆپەرست وخوێن پیسەكانی ژیانی سەرزەمین لە ڕابردوو ولەئیستا هەن ولە داهاتووش دەمینێن، بەلاَم مانا وانیە دەتوانن ژیان بە كۆتابكەن، چونكە مێژوو سەرەنجامی كارەكانی توندوتیژو ستەمەكانیان دەگەرێتەوە بۆ دادگای ڕۆژگارو دەشیان خاتە زبڵدانی خۆی .

توندوتیژی بابەتێكی هەستیارە بۆئەوەی تاكەكانی كومەڵگا بەووردی هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكەن، بەمەستی پاراستنی ژیارو یاسای سروشتی سەردەمە یەك لە دوا یەكەكانی بەرێوەبردنی دەسەلاَت ،لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژی لە دەسەلاَت بۆ دەسەلاَتێكی تر، لە تاك بۆ تاكێكی تر، لە بنەماڵە یان خێزان واتە لە شوێنك بۆ شوێنكی تر جیاوازی هەیە.


هۆكارەكانی توند وتیژی دوو لایەن لەخۆ دەگرێت، لەلایەنی یەكەم بۆ بەرگریكردن لە نیشتیمان وخەڵك وناسنامەی نەتەوایەتی و سنوری جوگرافیاو دەسەلاَتی مانەوە، ئەو جۆرە شێوازە دەبێت رێز لە سیستەمی دیموكراسی بگرێت، بەلاَم بە مەرج دادی كۆمەلاَیەتی زامدار نەكات .

لایەنی دووهەمی توندو تیژی، زمانی لەناوبردنی هەموو بەها جوانەكانی سەر زەمینە كە خەونی ژیان بەئاسانی بۆ خواستە تایبەتیەكانی خۆی لەناو دەبات .

چارەسەر بۆ كەم كردنەوەی زمانی ترس وتوندوتیژ پێویست هاولاَتی ڕای دەولەت قبول بكات لەو كاتەی لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بێت، بەپێچەوانەوەش دەبێت دەولەت ڕای هاولاَتی قبول بكات لەكاتێكدا داواكاریەكی دروست و یاسایی هەبێت، ئینجا دەتوانین بەشێوازی سەركەوتوو هەنگاوەكان بەرەو كۆمەڵگایەكی مەدەنی بنێین، بۆیە پێویستیەكی گرنگە هەماهەنگیەكی تەواو لەنێوان حكومەت و دەسەلاَتی یاساو هاولاَتی هەبێت بە زمانێكیتر، هاولاَتیان وەك جێ بەجێكەری یاسا خۆیان بەخاوەنو سوودمەندی یاساو پاراستنی نیشتمان بزانن.

# گەڕانەوە بۆ وێستگە ڕۆشنبیرییەکان

## گۆڤاری (قەڵا) بە نمونە



لوقمان حەسەن ئەحمەد

**هەوڵەکانی بەر لەدەرچوون:**

دوای وەستانی شەڕی عێراق ـ ئێران و دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکانی ڕژێمی داگیرکەری بەعس بۆ سەر شارو گوندەکانی کوردستان و ئەنفالکردنی هەزاران هاوڵاتی بێ تاوان و سڤیل و سوتاندنی بە شێکی زۆری خاکی کوردستان و پاشەکشێی هێزی پێشمەرگە و تەواوی حزب و لایەنە سیاسیەکان بۆ ئێران و زاڵبونی هەیمەنەو دەسەڵاتی ڕەشی بەعسی داگیرکەرو نەمانی هیچ پەناو سێبەرو نوایەك بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، لەوکاتو هەلومەرجە سەختو تاریکەدا، کە ئاستەم بوو لە هیچ کلاو ڕۆژنەو دەلاقەیەکی ئەم نیشتیمانە تروسکاییەکی ئومێد بەدی بکرێت، بەڵێ لەو بارودۆخەدا ئێمە هەریەك لە هاوڕێ حەسەن مستەفاو عەبدول واحد محەمەد رەسوڵ و خۆم لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو هەیمەنەیەی ڕژێم کە کردبوویە سەر خەڵکی کوردستان بڕیارماندا بکەوینە هەوڵ و جموجۆڵی خۆمان لە نێو گەنجان و خوێندکاران، ئەوەبوو بەرنامەیەکمان گەڵاڵە کرد بە دەرچوواندنی پەخشنامەیەکی تایبەت بە تواناو سەلیقەو خەونبینی قوتابیان و لاوان ئەویش بە دوو مەبەست:

- لەو کاتدا ڕژێم لە هەوڵی ئەوەدابوو چەك بەسەر قوتابیان دابەش بکات و بیانکاتە ئەڵقەی پەیوەندی و ئاوێتەبوون بە بەعسیزم و لایەنی چەك و سەربازی زاڵبکات بەسەر عەقڵ و بیرو توانای گەنج و خوێندکاران و دووریان بخاتەوە لە ئینتیمای نیشتیمانیی و نەتەوەیی و کوردایەتی.
- لەو دەمەدا مەبەستمان بوو لەڕێگەی ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری تایبەت بە تواناو لێهاتوویی و تەقاندنەوەی وزەو بەهرە شاراوەکانیان لە ڕێگەی ئەو پەخشنامەیە، زۆرترین لاو و قوتابی لەو چوار چێوەیە کۆبکەینەوە.

ئەوەبوو توانیمان لەهەوڵەکەماندا سەرکەوین پەخشنامەیەك بەدەستنووس بڵاوبکەینەوە لە نێو قوتابیاندا، دەستاو دەستی پێ بکرێ تا ئەوانیش بکەونە هەوڵ و کۆشش و جموجۆڵ، پاشان بابەتەکانی ئەو پەخشنامەیە خرانە سەر کاسێت کە هەم بۆ هەڵگرتن و هەمیش بۆ دەستاودەست کردن ئاسانتربوو، دیارە لە دوای یەکەم ئەڵقە هەریەك لە (نەجات عەبدوڵلا ـ حەسەن محەمەد ـ ئازاد محەمەد عەلی) ڕاستەوخۆ هاتنە نێو چوارچێوەی بزاڤە ڕۆشنبیرییەکەو هاوکاری زۆرباش و کاریگەربوون لە دەرچوواندن و بڵاوکردنەوەو دەستاو دەستپێکردنی بابەتەکە.

ئەو هەوڵ و تەقەلایەمان ڕۆژ بەڕۆژ لە نێو قوتابیان و گەنجان پەرەی دەسەندو پێشوازی باشی لێدەکرا، گەیشتە ئاستێك خەریك بوو بەهۆیەوە ژیانمان دووچاری مەترسی دەبووەوە تاجارێکیان کاك (حوسێن مستەفا) لە بەغدا سەردانی کردم و شەو لەلام مایەوە باسی مەترسی ئەوەی کرد کە ئێوە زۆر بەبێ بەرنامە قۆڵتان لێ هەڵماڵیوە، ئێوە بەتەمای چین؟

تەنانەت مامەڵەو بڕواتان بەهەندێك کەسکردووە کە خۆیان جێگەی گومان و مەترسین گەر کار وا بڕوات بەتەواوی ئاشکرادەبن و دەگیرێن خۆتان دەفەوتێنن، ئەوەبوو دوای ماوەیەك بڕیارماندا بە شێوەی کاتی ئەو هەوڵە ڕابگرین و پێداچوو نەوەیەك بە ئیش و کارەکانماندا بکەینەوە داخۆ لە کوێ باشمان کردووەو لە کوێ خراپ بۆ مێژووش دەڵێم قسەکانی (حوسێن مستەفا) ڕاست بوون، چونکە کارەکانمان لە ڕوانگەی حەماسەت و خوێن گەرمیی و هەندێ کاری هەرزەیی وەرگرتبوو، بێ لەبەرچاوگرتنی هەندێ هەلومەرج، بەڵکو حەماسەت و گیانی کوردایەتی بەسەر ڕەهەندی عەقڵ و مەنتیقدا زاڵبوو بۆیە بێ پەرواو بێ بەرنامە لە هەندێ بواردا زیاتر لەپێویست پەلەمان کردبوو گەر هەر بەردەوام بووایین لەوانەیە ڕووبەڕووی مەترسی بووباینەوە.

هەرچی نوسخەو بەڵگەنامەو کاسێت کە هەمانبوو لای (حەسەن) پارێزراوبوون لە سوچێکی خانووەکەیاندا، بەڵام بەداخەوە ڕژێم خانوی ئەوانی تەقاندەوە کە تەواوی شتەکانمان بوونە خۆڵەمێشی ڕقی بەعسی داگیرکەر. لە ڕوانگەی وون نەبوونی ئەو ڕاستیەدا، کە بویەرێکی زیندوی ئەو کات بوو، هەروا کۆششی قوتابیانەی ئەو سەردەم بوو، چونکە لە دوای ئەنفال و هەیمەنەی بەعس بەسەر کوردستاندا گرنگ بوو، تاکەکان چۆن بتوانن نمایشی کردبوون

بکەن، بەڵێ لەو هەڵومەرجو بارودۆخە ناهەموارو نائومێدیەدا لە کەلاوەو خانوەقورەکانی شاری رواندز، ئەو بزاڤە مشتێکی خەروارو خەباتی خەڵکی کوردستانە، ئێمە ئەگەر هیچمان نەکردبێ، بەلاّم هەر نەبێ ویژدان و کەفو کوڵی ئەوسامان بەم شێوە گوزارشت کردووە، با ئەو یادەوەریە وەك وێنەو بابەت و کاسێتەکانی نەبێتە خۆڵەمێشو بە بێ نازی سەرنەنێتەوە. قەلاّ..لە دایك بووی چ هەلّ و مەرجێك بوو؟

قەلاّ بلاّوکراوەیەکی( دەلّێم بلاّو کراوە بە پێوەری ئەمڕۆ، ئەگەرنا بە پێوەرو تواناو بارودۆخی ئەو کات گۆڤار بوو) سادە، ئاسایی و بەرهەمی هەوڵو ماندووبونی کەسانێك بوو کە هەمیشە حەزی سەر شێتانەیان بۆ ئازادیو هزریان لای رزگاریو سەرفەرازی گەل بوو، لە دەست جەورو ستەمو زۆرداری،( قەلاّ) لە هەلّومەرجێکی دژوارو نائاسایی و پڕ لە زەبروزەنگ دەرچوو ئەوکات خەلّك لەسەر پشتێندی رەشو ریشی درێژو تەسبیحی قەزوان دووچاری سوکایەتیو پەتی سێدارە دەبووەوە.

هەلّومەرجێك، دوای شکستی هێزی پێشمەرگەو سوتماکی کوردستانو نەمانی هیچ هیواو تروسکاییەكو هەناسەیەکی ئازادو پەیڤێکی پڕ مەعریفەو داهێنان، سەردەمێك کە ترسو گومان، هەموو سوچێکی ژیانی تەنیبوو ئالەوکاتەدا درکاندنی نهێنیە پەنهانەکانی هاوڕێیان کارێکی سانا و بێ خەم نەبوو، بەلاّم لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا، هەوڵی بێ پەرواو لەرادەدە بەدەری پۆلێك هاوبیرو هاوڕا لە چەندین پرسو بابەتو نەهامەتیو پەرۆش بۆ ئازادیو سەرفەرازیو تینوو بە پەیڤی کوردی و هاوسۆز بە پرسی نەتەوەییو نیشتمانی ئەو پۆلە هاوڕێیە(قەلاّمان) بە شەونخونی ئاوێزانی برینە بە سوێکانی ولاّتە زامدارەکەمان کرد، کە هەریەك لە برادەران (ئاکۆ ئاکۆییو حوسێن مستەفا، توانا ئەحمەد(شێخ نەبی)، حەسەن مستەفا، عەبدولواحید محەمەد، رێناس مستەفا، لوقمان حەسەن) وەك هەلّسورێنەرو دەستەی نووسەرانی قەلاّبوون کە یەکەم ژمارەی لە١٩٩١/٢/١١ دەرچوو.

دیارە قەلاّ بێ کەم وکوڕی نەبوو، چونکە بە شێوەیەکی نهێنیو بێکۆمەكو هاوکاری مادییو بێ هاوکاری مەعنەوی، تەنیا زادەی ئیرادەو تواناو پێنووسی پۆلێك هاوڕێ بوو کە خۆیان نووسەرو رێکخەری فۆرمو ناوەڕۆكو وێنەو ستایلی بەرگ بوون، شەوانە لە کاتی خامۆش بوونی شارو لەبەر چرای شەوە تاریکەکان بابەتەکانی بەدەستنووس ئامادە دەکران، بە تایبەت ژمارە(١،٢) بە کاربۆن چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو دەستاودەستی پێ دەکرا، بەر لە




دەرچوونی یەکەم ژمارەیدا، ئێمە چەند کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا، بە مەبەستی دیراسەکردنی حالّەتی ئەوەی چۆن (قەلاّ) بە ناو خەلّك بلاّو بکرێتەوە، یان چۆن هەندێ کەسی شارەزاو جێگەی باوەڕ، پرس ورایان پێبکرێ یان دەبێ ئەو کەسانەی قەلاّیان دەدرێتێ جێی باوەڕن یان نا؟

دوای یەکەم ژمارە، لە هەندێ کەسی ناسیاو دەستخۆشی و پیرۆزبایمان لێدەکرا، کە ئەو هەنگاوەمان هەنگاوێکی گەورەو پیرۆزە بە تایبەت لای کەسایەتیە رۆشنبیرەکان، بەلاّم لە لای هەندێ دلّسۆزو خزمو هەندێ کەسی خۆپارێز سەرزەنشت دەکراین، کە ئەو کارەی ئێمە یاریکردنە بە ئاگر، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ئێمە هەر بەردەوام بووین لەسەر هەنگاوی خۆمان کە هەلّقولاّوی قەناعەتو ئیرادەی خۆمان بوو، بۆیە بریارماندا پەرەی پێبدەینو قەلّەمی نوسەرانیترو رۆشنبیرانی شارو شارۆچکەکان بەشداری تیادا بکەن، هەر بۆ ئەم مەبەستەش من لەلای خۆمەوە کە ئەوکات لە بەغدا دەمخوێند چەند قوتابیەکی هاوڕێی خۆمم دواند لە زانکۆ ئەوانیش (سەفینی عومەر نانەوا) خەلّکی کۆیە بوو لەگەلّ(شەپۆل فاخر مێرگەسۆری) مناقەشەی زۆریشمان کرد، چۆن بتوانین لە ناو

## قەلا لە مێژووی ڕابردووی نەتەوەییمان دووریاییەکی قوڵی هەیە لە خۆڕاگریو سەرکەشیو سەردانەواندن

زانکۆش پەرە بەو جوڵەیە بدەینو پاڵپشتی زیاتر بۆ قەلا دروست بکەین. ئەوەی پێی ئاگاداربم هاوڕێ حەسەنیش لە سلێمانی قسەی لەگەڵ چەند کەسێکی جێگای باوەڕکردبوو، ئەوانیش ڕەزامەندیان لەسەر هاوکاریکردن دەربڕیبوو لەوانەش ( ئەنوەر قادر ) کە لە ژمارە یەکدا بە شیعرێك بەشداری کردین.

کاتێك ئێمە لە ئامادەکردنی ژمارە(٢) بووین کە شەڕی هاوپەیمانان بۆ سەر ڕژێم دەستی پێکرد لە کوێتو من زانکۆم جێهێشتو گەڕامەوە ڕواندز ژمارەی(٢٢)ی قەلا ئاوێزانی جەژنەکانی نەورۆزو ڕاپەڕین بوو.

بۆ ناونرا قەلا:

بۆ دیاریکردنی هەر ناوێك کارێکی ئاسایی بوو، بەلأم مەبەستمان بوو ناوێك بێ، هاوتای قۆناغە سەختەکانو زادەی خەباتو هەڵومەرجی ئەو سەردەمەبێ، کە هێڵی سووری سانسۆری داگیرکەر بۆ ئازادیو سەرفرازی ووشەی کوردی گەیشتبووە ڕاددەیەك کە دوژمن سڵی لە هەموو هەنگاوێك دەکردەوە، بۆیە ناومان لێنا(قەلا)، چونکە وشەی قەلا فرە ڕەهەند و فرە مانا بوو...

قەلا لە مێژووی ڕابردووی نەتەوەییمان دووریاییەکی قوڵی هەیە لە خۆڕاگریو سەرکەشیو سەردانەواندن بۆ دوژمنو داگیرکەر. قەلا لە مێژووی کوردا سمبولی ڕەسەنایەتی و شۆڕبوونەوەیە بۆ ناخی مێژووی کورد بوون، هەروا کورد لە ڕابردوودا بێ پەروا لە قوللەی قەلأکانی کوردستان بەرەنگاری هێرشو پەلاماری دوژمنانی بووەتەوە، نموونەی قەلأکانیش قەلای هەولێر، قەلای کەرکوك، ئیسقەلا، قەلای شێروانە..

قەلا.. ئاوێنەی ڕووداوە جەرگبڕو تاڵەکانی رابردوومانە کە لە درز و کەلەبەری داڕوخاوی هەر قەلأو منارەیەکی ئەو نیشتمانە حیکایەتو ڕووداوی خوێناویو بەسەرهاتە پڕ مەینەتیەکانی ئەو گەلە قارەمانە بەدی دەکرێ، بۆ ئەوەی ڕوداوەکانو ڕاستیە مێژووییەکانمان لە یادەوەری نەوە بۆ نەوە بمێنێ دەبێ سەرفرازیو سەرکەشیو خۆڕاگری قەلا هەر بمێنێ، بۆیە لەو سۆنگەیەوە لە بارودۆخێکی دژوارو پڕ لەستەمو داگیرکاریدا هەزرو پێنووسی دەستەی بەڕێوەبەری قەلا مەبەستمان بوو لە ژێر نسێو پەرچەمی (قەلا) گوزارشت لە بەرەنگاریو خۆڕاگریان بکەن، دژ بەهەر پیلان و بەرنامەیەکی دوژمن.

**خەرمان و ژمارەکانی قەڵا**

یەکەم ژمارەی(قەلا) لە ١٩٩١/٢/١١ بە نهێنیو بە دەستنووس دەرچوو، لە ماوەی(١٨) مانگدا بە هەوڵو ماندوبوونی دەستەی هەڵسوڕێنەری قەلا توانرا(١٠) ژمارەی لێ دەربچێت کە دوا ژمارەشی لە ئابی ١٩٩٢ دەرچوو.

دیارە وەستانی قەلا دەرەنجامی نەبوونی هاوکاریو کۆمەك بوو کە هیچ لایەنێك ئامادەنەبوو وەك پێویست پشتگیری ماددیو مەعنەوی قەلا بکات، بۆیە بەبێ ویستو ئارەزووی ستاف کارای (قەلا)، قەلا لە دەرچوون وەستا.

دەبێ ئەوەش بڵێم سەرجەم کارەکانی قەلا بە کاری هونەریو تەکنیك، هەڵەچنین، ڕێکخستنی بابەت، وێنەو هەواڵ، کۆپیکردن لە ئەستۆی دەستەی هەڵسورینەردا بوو، بە تایبەت (ئاکۆ ئاکۆیی) لەم نێوەدا وەك سەربازی وون بە بەردەوامیو بێ ماندوبوون بە پشوویەکی درێژ ڕۆڵی هەرە سەرەکی تیادا دەگێرا کە بە ڕاستی داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری سەرەکی (قەلا) بوو خۆنەویستی ئەو وایدەردەخست کە ئەندامی کارای دەستەی نووسەرانە، بەلأم لە ڕاستیدا ڕۆڵی سەرنووسەری دەبینی کە بەڕاستی سەرنووسەر بوو.

هەرچی هاوڕێیانی تری دەستەی بەڕێوەبردنن وەك یەکەم ئەزموون بە پێی توانـاو دەرفەت بەو پەڕی سەلیقەوە بەشداریان تیادا دەکرد، ئەگەرچی ئەو کات شارەزاییو ئەزمونێکی باشی بواری ڕۆژنامەگەریمان نەبوو، بەلأم بە حەماسەتو گیانی پڕپەرۆشمان بۆ دەرچواندنی شەونخونیمان دەکرد.

لە داهاتووشدا هەوڵدەدەم خوێندنەوەیەکی فراوانترو مەیدانی بۆ سەرجەم لایەنەکانی (قەلا) بکەمو بە شێوەیەکی زانستی وە ئاشکراتر هەق بدەمە هەموو لایەنەکانی.



# تابلۆ ناشیرینەکانی سۆران

محەمەد گەلاڵەیی دەینوسێت

١

نەبوونی هۆڵی سینەما لەو شارەدا تابلۆیەك لە ناشرینی ئەو شارە پێشانمان دەدات، ئەگەر گوزەرێك چ بەناو و بە دەرەوەی بینایەی سینەمای ئەو شارە بکەیت، کە ئێستا بۆتە کەلاوەو حکومەت ئاوڕی لێنەداوتەوە، چەندین نووسراویش لەلای بەرێوەبەری رۆشنبیریو هونەری ئەو شارە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری رۆویشتووە، کەچی تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، کە دەبینین گەنجانی سۆران لەسەر شەقامو کۆڵانەکانی شارو بازار پیاسەدەکەنو ڕادەوستن، کەچی سینەما لە وولاتاندا بینەرێکی زۆری هەیە، بەڵام لە سۆران هۆڵی سینەماش نییە، هەر بێدەنگیشە لە ئێمەومانان بێ هۆڵی سینەمای دروستکردووە.

٢

نەبوونی مۆسیقاری ژن لەو دەڤەرەدا وایکردووە زۆر بە ئەستەمەوە دەست بدەینە نووسینەوەی مێژووی هونەر، چونکە نەبوونی کارەکتەری ژن لە مێژووی هەر هونەرێکدا بەڕای من کورت دەهێنێو سەرتاپای دەبێتە مێژوویەك لەنەبوونی تامو چێژ لە ژیانو خۆشەویستی ئەو ئینسانانەی لەو ناوچەیەدا ژیاون.ئەمەش دەچێتە سەر ئەو تابلۆیانەی کە سیمای ئەو شارە ناشرین دەکەن، کە تا ئێستا لێی بێدەنگ بووینە، ئێستا کاتیەتیو دەست بە پێگەیاندنی کچو ژنی مۆسیقار بکەین.

٣

تابلۆی سێیەمیش دەچێتە سەر نەبوونی ئەکتەری شانۆو سینەما، ئەمەش بێدەنگیەکی گەورەیە، کە لەم شارەدا دوو ئەکتەری شانۆو سینەما نەبن کە رەگەزی مێ بێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گروپی شانۆو سینەما بەتەواویو بەبەردەوامیو ببنە قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندنی چەندان ئەکتەری ژن لەبوارەکانی سینەماو شانۆدا، کە ئەمانەش جێ پەنجەیان دیار بێ لە مێژووی ئەو شارەدا، مێژوو بەتەنیا هی پیاوان نەبێو با هی ژنانیش بێ.

٤

لێدان! لە پۆلیسەکانی هاتوچۆی ئەوشارە بۆتە نەریتی هەندێ کەس، کە بەڕاستی جێگای دڵتەنگییەو بێدەنگیشمانە، کە دەبینین لەم رۆژانەدا لە وولاتێکی وەك سوێد: پادشا غەرامە دەکرێ لەسەر سەرپێچی کردن لە رێنماییەکانی هاتوچۆی ئەو وڵاتەدا، کەچی لە وولاتی ئێمەداو بەتایبەتی لەو شارەدا لە پۆلیسی هاتوچۆ دەدرێ، کەسی تاوانباریش دەکرێت بە پاشا نەك بە زیندانو غەرامە کردن. با بێدەنگ نەبین لە ئاست ئەو بێ ویژدانیەی رۆژانە لەبەرامبەر پۆلیسەکانی هاتوچۆی ئەو شارە دەکرێت.

٥

تابلۆی پێنجەم لە ناشرینی ئەو شارە تەواو دەکات، لەوانە دان نەنان بە بریاری دادگاو چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیو تاکەکەسیەکان بە عەشائیری، رێژەی تەلاقدان لە دەرەوەی دادگای سۆران بە رێژەی هەشتا لەسەدی پەرەی سەندووە، کە حاکمێك لە هاوینی رابردوو پێیووتم، دەبێ ئێستا چی بەسەر هاتبێت، ئەم تابلۆیە لە زۆر شوێنو ناوەندی رۆشنبیری باسی لێوەدەکرێت، کە بەڕای من یەکێ لە بێهێزترین دامودەزگای ئەم شارە دادگایە، کە نەیتوانیووەو یاخود هەندێ کەسو لایەن بوونەتە بەربەست لە جێبەجێکردنی بریارەکانیدا بۆ گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەن ماف، کە پێویستە چیتر دادگای سۆران لەمە بێدەنگتر نەبێت، ئەگینا خەریکە ئەو بێدەنگیە دادگا لەکار دەخا.

# کاریگەری پێشینەو شکستی خۆشەویستی لەسەر ئایندەی کچان و کوڕان



## کچێك :هۆكاری شكست لەخۆشەویستی لەكوڕانەوە سەرچاوە دەگرێت!

## کوڕێك :ناجێگیری باری ئابوری هۆكارێكە بۆ شكستی خۆشەویستی!

**لەنێو كۆمەڵگای كوردی بەگشتی و تا یبەتتریش لەو ناوچە و شارو شارۆچكانەی كەوتونەتە سەر سنورو پێكهاتە گەلێكی جیاواز و فرە رەنگی لەژێر كاریگەری داب و نەریتە كلاسیك و سواوەكان لە یەك گردكردۆتەوە ، زۆرێك لە مرۆڤەكان بە هەردوو رەگەزەوە مەحكومن بە باجدانی قورس بە بیانوی لادان لەو عورفە، كەوەك تەقلیدێك شوێنەواری نەوە دوای نەوە جێهێشتوە.**

**(سۆران)یش كە دەڤەرێكی فرە كولتوورە لە رووی كۆمەلأیەتی و خێڵەكیەوە و مەڵبەندێكی گەورەی لە یەك كۆ كردنـەوەی پێكهاتـە جوداكانە لەو بارەوە پشكی شێری بەركەوتوە . دیاردە گەلێكی كۆمەلأیەتی ناشیرین و ناشارستانی لە سۆران (خـەڵكێكی) توشـی نیگەرانی وخەمۆكی كردووە لەنێو ئەو خەڵكانەش بەتایبـەتی گـەنجان رێژەیـەكی زۆریـان لەباجـدان و قوربانیـدان بەركـەوتوە, لـەو رێپۆرتاژەدا لە سەر یەكێك لەو دیاردانە ( كچانوكوڕان )مان هێناوەتە ئاخاوتن كە كەمترین جار قسەی لەبارەوە كراوە......**

**ـ شكست و پێشینەی خۆشەویستی چ كاریگەرییەكی بەسەر بریاردان بۆچونە ناو قۆناغی هاوسەری هەیە؟ ئەم پرسـانەی شكسـت و پێشینە لەوەلأمی كچان و كوڕاندا:**

### کچان چی دەڵێن؟

**راستگۆیی و راشكاوانە قسەكردن كلیلی متمانە و باوەڕ دروستكردنە.!**

**ئیسماعیل ئەبابەكر**

سـەرەتا (ن،م،س) کـە کـچێکی تەمـەن (٢٨) سـاڵییە و فەرمانبـەرە هۆکـاری شـو نـەکردنی خـۆی بـۆ " قـسمەت ونسیب " گەڕاندەوەو جگە لەمـەش " نەهاتنـەرێی کـوڕیکی بـاش " کـە لای خۆیـەوە پەسـند بـێ هۆکـارێکی تـری شـو نەکردنەکەیەتی . لە بارەی ئەوەی کەئایا پێشتر پەیوەنـدی خۆشەویستی لەگەڵ هیچ کوڕێك بوە رایدەگەیـەنێ کـەپێش (٩ساڵ) واتە لە (١٩) سـاڵی لەگـەڵ کوڕێـك تـەنها لـەڕێگای تەلـەفۆن و نامـە گۆڕینـەوە پەیوەندییـەکی هـەبوە بـەلأم بـەهۆی ڕاڕایـی کوڕەکـە (ن،م) زوو پەیوەندییەکـەی لەگـەڵ کوڕەکەدا دەپچڕێنێ. چونکە پێیوایە کاتێـك کـوڕ زەمینـەی ژیانی لەبار بێ بۆ ژن هێنان، بەلأم "بـەبڕ و بیـانوی پـوچ و بێ بنەما" کات درێژ بکاتەوە بۆ کچ ئـیتر دەبـێ کـچ زوو هوشـیار ببێتـەوەو بزانـێ کـوڕ مەبەسـتیەتی یـاری بەچارەنوسـی کـچەکە بکـات. ! ئـەو کـچە (٢٨) سـاڵی یـە سـەبارەت بـەوەی کـە ئایـا پەیوەنـدی ڕابـردوی هـیچ کاریگەرییەکی بەسەر ئایندەیەوە دروست کردووە؟: دەڵێ " <u>ئەوەی گۆتم چ لۆ مـن چ لـۆ کوڕەکـەی ڕابـردووە، وازهێنـانم پەیوەنـدی بـەفرتو فێـڵو درۆی کوڕەکـەوە هـەبوەو نەگەڕانـەوە لـۆ ڕابـردوو و ڕاسـتیگۆتن ئایندەیـەکی جـوان مـسۆگەر دەکـات</u>، زۆر عەیبـە مـرۆڤ دوو هەڵـەی هاوشـێوە دووبارە بکاتەوە"، لەکۆتایی قسەکانیدا (ن،س) وتی" هەر کاتێـك کـوڕێکی بـاشو ڕاسـتگۆ داوای کـردم دوای لێتێگەیشتنی لەگەڵی دەچمە ناو پرۆسەی هاوسەری".

**<u>( دان نان بەڕابردوو واتە نەگەڕانەوە بۆسەر ڕابردوو)</u>**

"نەبونی ڕاستگۆییو بنیاتنانی خۆشەویستی لەسەر بنـەمای بەرژەوەنـدی مـاددیو بەتاڵکردنـەوەی غـەریزە و حـەز و ئارەزووەکان جگـە لـە فەشـەل هیـچی تـری لێناکەوێتـەوە" ئەمە قسەی (ب) ی کچە خوێنـدکار بـوو کـە ئێـستا لەگـەڵ کوڕێکی ناسیاو بەخۆی پەیوەندی خۆشەویستی هەیە. ئـەو کـچە خوێنـدکارە وەك خـۆی دەڵـێ پێـشترو بـەر لـەو پەیوەندییـەی ئێـستای پەیوەندییـەکی تـری هـەبوەو ڕاشکاوانەش پەیوەندیەکـەی بۆ خۆشەویـستەکەی ئێستای ئاشـکراکردوەو دەڵـێ" مـن بـە (......) وتـوە کەپێـشتر پەیوەندییـەکی تـرم هـەبوە بـەوەش متمانـەو بـاوەڕم لا دروسـتکرد" (ب) لـە درێـژەی قـسەکانیدا وتـی "دان نـان بـەڕابردوو واتـە نەگەڕانـەوە بـۆ سـەر رابـردوو" ئـەو



دەربڕینەشی بە هۆکارێکی زۆر گرینگ وەسفکرد لەوەی کە کوڕانو کچان ئەتوانن ئاییندەیەکی باش و کامەران، بەسود وەرگرتن لە هەڵەو ڕابردوو دروست بکەن.

پاشان (م،س) کە کچێکی مامۆستایە بەنیسبەت شکستو پێشینەی خۆشەویستی بەم چەشنە هاتە قسە"زۆربەی کوڕان و کچان تا ئەچنە ناو قۆناغی هاوسەری بەسەر زیاتر لەپەیوەندییەك تێدەپەڕن، زۆرجاریش پەیوەندی پچڕاندنەکان لە ئەنجامی لێك تێگەیشتنی نێوان کوڕو کچە لەوەی ئەگەنە قەناعەتێك کە ناتوانن لەئاییندەی خێزانداریو هاوسەری لەگەڵ یەك بەختەوەر بن" ئەو دەڵێ ئەمجۆرە پەیوەندی پچڕانە ناچێتە خانەی شکست و بە هیچ جۆرێك کاریگەری خراپی بەسەر ئاییندە نابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێیوایە ئەوە ئەوپەڕی هوشیاریی ئەو کوڕ و کچانەیە کە ئەخوازن" ئاییندە یان نەبێتە دۆزەخ " هەروەها لە بارەی پێشینەی خۆشەویستی وتی " تەنها بەو کچانە دەڵێن پێشینەیەکی باشیان نیە لە خۆشەویستی کە زۆر یاریان بە چارەنوسی کوڕان کردووەو لەیەك کاتتدا زۆر پەیوەندییان هەیە" ئەو بیرکردنەوەو جۆرە مامەڵەی کچانیشی بە کارێکی ناشیرین هەژمار کردو ڕایگەیاند کە کاریگەری خراپی لەسەر خودی کەسایەتی کچەکە دروست دەکات و لە کۆمەڵگای ئێمە بە لادەر لەنەریتە کۆمەلآیەتییەکان وەسفی دەکرێت وناوی دەزرێ. !

# بنیاتنانی خۆشەویستی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ماددی و بەتاڵکردنەوەی غەریزە و حەز و ئارەزووەکان جگە لە فەشەل هیچی تری لێناکەوێتەوە

## کیژان لەبارەی شکستەوە

هەموو ئەو کچانەی لەو ڕێپۆرتاژە دا بۆ کوێستان قسەیانکرد پێیان وایە کە هۆکاری شکست لەخۆشەویستی لە کوڕانەوە سەرچاوە دەگرێت چونکە زۆربەی کوڕان لەیەك کاتتدا لەیەك پەیوەندی زیاتریان هەیەو پاکییەتیو دڵسافی کچان لە بەرژەوەندی خۆیان قۆرخ دەکەن. کچان دەڵێن " وەختێك کوڕ ماوەیەکی درێژ ناچێتە داوای کچ " ئەوکات کچ ئەکەوێتە گومان لە کوڕەو کچ ناچار دەبێت بیر لە کوڕێکی تر بکاتەوە بۆچونە ناو پرۆسەی هاوسەری . ئەمەو کچان کوڕان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بەردەوام بە زمانی لوسو بەڵێنی داواکردنیان زۆرجار کچ لە خشتە دەبەن. ئەمەش زیاتر لەقسەکانی (ف،ر) ڕوون دەبێتەوە کە بۆ کوێستان کردونیەتی " کوڕ هەیە بە زمانی لوس و هەزار پاڕانەوەو خۆبەقوربانکردن کچ ڕازیدەکا بۆ ژوان دواتریش پشت لە کچەکە دەکات و پاساوێك بۆ نەچونە داواکردنی دەهێنێتەوە". بەگشتی کچان ڕایان وایە کە زیاتر کوڕان بەرپرسن لەشکست هێنانی پەیوەندی خۆشەویستی.

هەروەها کچان لەبارەی ئەوەی پێشینەی خۆشەویستی چ کاریگەرییەکی دەبێت بە سەر ئاییندەیانەوە زۆربەیان لایان وایە کە ئەگەر خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە ئامادەگی هەبێت هیچ هێزێك زەفەر بەدوا ڕۆژی دوو خۆشەویست نابات. بەلآم ئەوەشیان نەشاردەوە کە زۆرجار هەندێ خەڵکی نەفەس نزم دەست دەخەنە نێو ژیانی کچانو کوڕانی گەنج و بەقسەی بێ بنەماو بێ بەڵگە دەخوازن کوڕو کچێك نەگەنە مەبەستی خۆیان.

**(کوڕان: خۆشەویستی ڕۆحی هەموو پێوەرێك تێك دەشکێنێ )**

"کچێك خۆشم بوێتو خۆشی بوێم ئامادەم بیهێنم، چونکە

# ژینگەی کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە کەشێکی لەبار بۆ خۆشەویستی فەراهەم بکات



خۆشەویستی ئاینده دروست دەکات" هەژاری کەمانچەژەن سەرەتا بەمجۆرە پەیڤی ئەو کورە هونەرمەندە "ڕابردووی کچی لا گرینگ نیە" بۆئەوەی ببێتە پێوەر بۆ باشەو خراپەی کچ و زیاتر جەخت لەسەر ئاینده دەکاتەوە. لە ناوەڕۆکی قسەکانیشیدا دەخوازێ کچان‌و کوران ئەوانەی لە خۆشەویستی شکستیان خواردووە" نەگەڕێنەوە سەر ڕابردوو" .

(هەرێم)یش کە کورە لاوێکی تەمەن (٢٣)ساڵی یەو خوێندکاری زانکۆیە، خۆشەویستی لەکۆمەڵگای کوردیدا بەتاوان دەداتە قەڵەم لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی بەهۆی ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە نەیتوانیوە کەشێکی لەبار بۆ خۆشەویستی فەراهەم بکات. لە هۆکارەکانی شکستی خۆشەویستیش ناجێگیری باری ئابوری بە یەکێك لەپەتا ترسناکەکانی لەباربردن‌و لێك هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی خۆشەویستی دەزانێت.دواتریش چەند هۆکارێکی تری هەرەسی خۆشەویستی وەك " لێك تێنەگەیشتنی کوڕ و کچ" و " دروستبونی خۆشەویستی لەسەر بنەمای سۆز" کە کەمتر عەقڵ تێیدا زاڵە ئاماژە دەدا. ئەم خوێندکارە بەگشتی لەسەر فەشەل لەخۆشەویستیدا " کوڕ بەرپرسیار دەکات " بەڵام ئەوەش دەڵێ کە " کچان بەشێکی لێپرسراوێتی شکستەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ " لەکۆتایی قسەکانیشیدا سەبارەت بەوەی کە ئامادەیە کچێك بخوازێ کە پێشینەی خۆشەویستی هەبوبێت وا هاتە قسە" زۆر ئاساییە کچێك بهێنم کە پێشتر خۆشەویستی کردبێت بەڵام بەپاکیی و سنورەکانی خۆشەویستی پاراستبێت " .

(کاروان خدر) کە شوفێری یەکێك لە ڕێکخراوە مەدەنیەکانی سۆرانە ئیشارەتی بە هۆکار گەلێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری کرد بۆشکست لەخۆشەویستیداو جگەلەمەش پێیوایە زۆرجار کەس‌وکاری کچ یا کورەکە ڕۆڵێکی خەراپ دەگێرن و نایانەوێ کچ‌و کورەکانیان بەئارەزووی خۆیان بڕیار لە سەر چارەنوسی خۆیان بدەن. ئەو جۆرە دەستێوەردانەی کەس‌و کاری کچان‌و کورانیشی لە سەربەخۆیی بڕیاردان و هەڵبژاردنی ئاینده بەخەتەر پێناسە دەکاو نمونەی دیاردەی خۆسوتانی کچان و خۆکوشتنی کورانی گەڕاندەوە بۆ ئەو دوا ڕۆژە نەخواستراوەی کە بەسەر کچان و کورانیان دەسەپێنن!

بەگشتی کوران لەبارەی شکست لەخۆشەویستی ئاماژە بە چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری دەدەن‌و هەندێکیشیان لایان وایە کەزۆرجار ( کچ )یش بەهۆی کەم تەرخەمی‌و گوێ نەگرتن لەخواست‌و داواکاری و ڕێنماییەکانی کوران. سنوری خۆشەویستی دەبەزێنن. ئەوەشیان هۆکارێکە کە کوران زۆر جەختیان لەسەرکردۆتەوە. دواجار هەموو کوران کۆك بوون لە سەر ئەوەی کە" خۆشەویستی ڕۆحی " هەموو پێوەرێك تێك دەشکێنی بە تایبەت ئەگەر خۆشەویستی پرۆسەیەکی دوو لایەنی لێبکەوێتەوەو کچ و کوڕ ڕابردوو لەبیر بکات.

لەکۆتایی ئەم ڕیپۆرتاژەو بۆ زیاتر بە دواداچوونی بابەتە (نیاز عەلی ئەحمەد) توێژەری کۆمەڵایەتی بەڕوونی تیشکی خستە سەر فاکتەرەکانی شکست و هەرەس لە خۆشەویستی. سەرەتا بەرلەوەی لەسەر سروشت و جۆری

# " خۆشەویستی ڕۆحی " هەموو پێوەرێك تێك دەشكێنێ بە تایبەت ئەگەر خۆشەویستی پرۆسەیەكی دوو لایەنی لێبكەوێتەوەو كچ و كوڕ ڕابردوو لەبیر بكات.

پەیوەندی نێوان کوڕان‌و کچان بپەیڤی، ئاماژەیەکی بە کاریگەریی داب‌و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکاندا کە کۆمەڵگەو کولتور بەسەر نێرو مێ سەپاندویەتی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان. بەمەش بە گشتی پەیوەندی " مرۆیی و ئاسایی نێر و مێی وەك قەیرانێك شوبهاند " ، ئەو قەیرانەشی بەزەمینە خۆشکردن دانا بۆ ئەوەی کوڕان و کچان هەر لەسەرەتاوە پەنا بۆ خۆشەویستی سۆزداری ببەن و دوور لەبنەما عەقڵانیەکان هەنگاو بنێن. ئەمەو ئەو توێژەرە هۆکارێکی تری شکست‌و بە قەیرانبوونی خۆشەویستی بۆ پرۆسەی پیاوسالاری دەگێڕێتەوە ، کە نا کارێ کوڕو کچ پەیوەندیەکانیان تەندروست بێت. لەدرێژەی قسەکانیدا ( مامۆستا نیاز ) دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی لەسەربنەما غەریزەیی و بۆ بەتەتاڵکردنەوەی ئارەزووە شەهوەتبازییەکان‌و بەرژەوەندیخوازی ،بە فاکتەرێکی تر دانا بۆ شکست لە خۆشەویستی. هەروەها بارودۆخی ئابوری وسیاسیشی کە بە پێی قۆناغەکان کۆمەڵگەی کوردی پێدا تێپەڕیوە بە هۆکار هەژمارکرن لەهەرەسی خۆشەویستی.

ئەمەو ( نیاز عەلی) تیشکیشی خستە سەر ئەو کاریگەرییە نەگەتیڤانەی کە شکست بە سەر ئایندەی ئەوکوڕ و کچانەی شکستیان هێناوە دروستی دەکات ، بەتایبەت لە رووی دەروونیەوە و رووداوە کارەسات ئامێزەکانیشی کە روودەدەن زۆرێکی ، بە دەرهاویشتەی شکستی خۆشەویستی دایە قەڵەم کە لە روانگە و تێڕوانینی دواکەوتوانەی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوەیانگرتووە .

لەکۆتایی قسەکانیشیدا ژینگەی کۆمەڵایەتی ( سۆران ) ی بە ژینگە یەکی ناڵەبار و ناتەندروست پێناسە کرد بۆ مومارەسەکردنی خۆشەویستی، بۆیە رایدەگەیەنێ کوڕان و بەتایبەتیش کچان بەردەوام لەژێر پاڵەپەستۆی بیرو باوەڕ و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان باجی شکست و پێشینەی خۆشەویستی خۆیان دەدەن.

ماوەتەوە بڵێین هێزو ئیرادە و دان بەخۆداگرتن لە هەرشکستێکدا ئێستا و داهاتوو روونتر دەکات و پێویستە لە هەرکاتێك زیاتریش گیانی لەیەکتر تێگەیشتن لەخۆشەویستی پەیرە و بکەین و لێبوردەییش خاسیەتێکی بەرجەستەکراوبێ لەناخماندا.

